# بەشداریکردنی ژنان لە بونیادنانی ئاشتیدا: سێ نموونە لە ناوچە جیاوازەکانەوە توێژینەوەیەکی هەڵێنجراو لە تێزی دکتۆرا

م.ی نەرمین حسین احمد[1]، پ.د. أنور محمد فرج[2]

[١،٢] زانکۆی سلێمانی ،کۆلێجی زانستە رامیارییەکان ،بەشی سیاسەت و پەیوەندییە نیودەوڵەتییەکان ؛ narmeen.ahmed@univsul.edu.iq

**نووسەری پەیوەندیکار:** نەرمین حسین احمد*

---

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندن دەکات بۆ بەشداریی ژنان لە بونیادنانی ئاشتی لەڕوانگەی تیۆری فێمەنیزمەوە لەڕێگەی سێ ئەزمونەوە لەسەر ئاستی جیهان، توێژینەوەکە لەو ڕوانگەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئاشتی تەنها بە نەهێشتنی توندوتیژی یان واژۆکردنی ڕێککەوتننامەیەکی سیاسی بەدی نایەت، بەڵکو پێویستی بە دووبارە بونیادنانی متمانەو ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و بەشدارییپێکردنی ئەو توێژانە هەیە کە لە قۆناغەکانی ململانێدا پەراوێز خراون. توێژینەوەکە هەوڵ دەدات جیاوازیی نێوان بەشداریی ڕوکەشی و کاریگەریی واقعیی ژنان ڕوون بکاتەوە، بە تایبەتی لە پرۆسەکانی دانوستان، بڕیاردان، دادپەروەریی ڕاگوزەر و بونیادنانی ئاشتییەکی بەردەوامدا.
لێکدانەوە و شیکردنەوەکانی توێژینەوەکە سوودیان لە بەشداری ژنان وەرگرتووە لەسێ ئەزموونی بونیاتنانی ئاشتیدا لە سەر ئاستی جیهان کە ئەوانیش هەر یەک لە ئیرلەندای باکوور، کە تێیدا ژنان لە ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی نافەرمییەوە بۆ ڕۆڵی سیاسیی ڕێکخراو گواسترایەوە؛ ئەزموونی ڕواندا، کە گرنگی کۆتاو بەدامەزراوەییکردنی بەشداریی ژنان دەردەخات، بەڵام سنووری کاریگەریی ژمارەییش ئاشکرا دەکات، هەروەها ئەزموونی ژنانی کورد، کە پێویستی خوێندنەوەی فرەڕەهەندی بۆ دۆخی ژنان لەنێوان جێندەر، نەتەوە، دەوڵەت، جەنگ، مەزهەب و باوکسالاری دەسەلمێنێت.
دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە بەشداریی ژنان کاتێک کاریگەر دەبێت کە لە سنووری ئامادەبوونی ڕواڵەتی تێپەڕێت و ببێتە کاریگەریی ڕاستەقینە لە دارشتنی سیاسەت، بڕیاردان و بونیادنانی ئاشتی. هەروەها لێکدانەوەکانی توێژینەوەکە ئەوە دەردەخەن کە دۆخی ژنانی کورد دۆخێکی جیاوازە و سەرەڕای ئەوەش دەستپێشخەری و داهێنانیان کردوە بە بەشدارییان لەبونیادنانی ئاشتیدا لە ڕێگەی سیستەمی هاوسەرۆکایەتی و چەند دەستپێشخەرییەکی دیکەی کۆمەڵایەتی.

**وشە کلیلییەکان:**ژنان، بونیادنانی ئاشتی، بەشداریی سیاسی، ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی، فرەڕەهەندی، ژنانی کورد.

---

## 1. پێشەکی

بەشداریی ژنان لە بونیادنانی ئاشتیدا یەکێکە لە پرسە بنەڕەتییەکانی ئەدەبیاتی هاوچەرخی ئاشتی و ئاسایش. بە مانای قووڵ و بەردەوامی خۆی، ئاشتی تەنها بە ڕاگرتنی توندوتیژی یان واژۆکردنی ڕێککەوتننامەیەکی سیاسی بەدی نایەت، بەڵکو پێویستی بە دووبارە بونیادنانی متمانە، چاککردنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە پچڕاوەکان و تێکەڵکردنی ئەو توێژانە هەیە کە لە قۆناغەکانی ململانێدا زیانی زۆریان بەرکەوتووە. لەم چوارچێوەیەدا، ژنان نابێت تەنها وەک قوربانیی جەنگ و ململانێ بخوێندرێنەوە، بەڵکو دەبێت وەک ئاکتەری سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئاشتیسازی سەیر بکرێن. ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات ڕۆڵی ژنان لە بونیادنانی ئاشتی لە نێوان بەشداریی فەرمی، کاری کۆمەڵایەتی و کاریگەریی واقعیی تایبەت بە بونیادنانی ئاشتی هەڵبسەنگێنێت.

## 2. گرنگی توێژینەوەکە

گرنگی و بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەدا دەردەکەوێت:

1. خستنەڕووی ئەوەی کە نوێنەرایەتیی فەرمی بە تەنها بەس نییە، ئەگەر ژنان کاریگەرییان لە دانوستان، بڕیاردان و دارشتنی سیاسەتەکاندا نەبێت.
2. تیشک خستنەسەر ڕۆڵی ژنان لە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و دادپەروەریی ڕاگوزەردا، نەک تەنها لە دامەزراوە سیاسییەکاندا.
3. دەرخستنی ئەوەی کە بنیادنانی ئاشتی پرۆسەیەکی هەمەلایەنەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و مرۆییە نەك تەنها ڕێککەوتنێکی ڕەسمی نێوان لایەنەکانی ململانێ.

## 3. ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەدا کورت دەکرێتەوە:

1. هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی ژنان لە بونیادنانی ئاشتیدا، و دیاریکردنی ئەوەی کە ئەم ڕۆڵە تا چەند لە ئاستی نوێنەرایەتیی ڕواڵەتی تێپەڕیوە.
2. شیکردنەوەی شێوازەکانی بەشداریی ژنان لە بنیادنانی ئاشتیدا، بەتایبەتی بەشداریی سیاسی، فەرمی، کۆمەڵایەتی و جەماوەری.
3. ڕوونکردنەوەی جیاوازیی نێوان بوونی ژنان و کاریگەریی ژنان لە پرۆسەکانی ئاشتیدا.
4. خستنەڕووی گرنگیی لێکدانەوەی فرەڕەهەندی/ Intersectionalityلە ڕێگەی خوێندنەوەی دۆخی ژنانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12570]
- **Submission Date:** [8/6/2026], **Revised Date:** [8/6/2026], **Accepted Date:** [23/6/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

## 4. گرفتی توێژینەوەکە

گرفتی سەرەکیی توێژینەوەکە ئەوەیە کە سەرەڕای زیادبوونی گوتاری نێودەوڵەتی دەربارەی گرنگیی بەشداریی ژنان لە ئاشتی، هێشتا ژنان زۆرجار لە پرۆسە فەرمییەکانی دانوستان و بڕیاردانەدا پەراوێز دەخرێن، یان بەشدارییان تەنها بە شێوەیەکی ڕواڵەتی و ژمارەیی دەردەکەوێت.

لە لایەکی ترەوە، زۆرێک لە ئەو ڕۆڵانەی ژنان لە ئاستی کۆمەڵایەتی و نافەرمی دەیگێڕن، وەک ناوبژیوانی، بەدەمەوە چوونی قوربانیان، چاککردنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دووبارە بونیادنانی متمانە، لە پرۆسە فەرمییەکانی ئاشتی و لە هەڵسەنگاندنە سیاسی و یاساییەکاندا بە شێوەیەکی تەواو دانیان پێدانانرێت و لەبەرچاو ناگیرێن. بەمەش کێشەی توێژینەوەکە تەنها لە کەمیی ژمارەی ژناندا نییە، بەڵکو لە سنووردارکردنی کاریگەریی ئەوان و جیاکردنەوەی ڕۆڵی کۆمەڵایەتییانە لە ڕۆڵی سیاسی و بڕیاردانەدا دەردەکەوێت.

## 5. پرسیاری توێژینەوە

پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە ئەوەیە: تا چەند بەشداریی ژنان لە بونیادنانی ئاشتیدا دەتوانێت لە ئاستی نوێنەرایەتیی ڕواڵەتیانە تێپەڕێت و ببێتە کاریگەریی واقعی لە داڕشتنی ئاشتییەکی بەردەوامدا؟ لەم پرسیارە سەرەکییەوە توێژینەوەکە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارانەش بداتەوە:

1. تا چەند بەشداریی ژنان لە بونیادنانی ئاشتیدا پەیوەستە بە ژینگەی ناوخۆیی، کەلتوور، بونیادە سیاسییەکان و شێوازی دابەشبوونی دەسەڵات؟
2. چۆن بەشداریی ژنان لە ئەزموونە جیاوازەکاندا، وەک ئێرلەندای باکوور، ڕواندا و ئەزموونی کوردی، کاریگەری لەسەر کوالێتی و بەردەوامیی ئاشتی دروست کردووە؟

## 6. گریمانەی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە لەسەر ئەو گریمانەیە دەوەستێت کە بەشداریی ژنان لە بونیادنانی ئاشتی مەرجێکی پێویستە، بەڵام بە تەنها بەس نییە، ئەگەر لە چوارچێوەی بەشداریی ڕواڵەتی و ژمارەیی قەتیس بمێنێتەوە. کاریگەریی ڕاستەقینەی ژنان تەنها کاتێک بەدی دێت کە ئەوان بتوانن لە داڕشتنی ئەجێندای ئاشتی، چارەسەرکردنی شوێنەواری ململانێ، بونیادنانی متمانەو بڕیاردانی سیاسی بە شێوەیەکی کاریگەر بەشدار بن.

## 7. میتۆدی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە پشت بە میتۆدی وەسفی-شیکاری دەبەستێت، بۆ وەسفکردن و شیکردنەوەی چەمک و زاراوە سەرەکییەکان، وەک بەشداریی ژنان، بونیادنانی ئاشتی، بەشداریی فەرمی، بەشداریی کۆمەڵایەتی و کاریگەریی ڕاستەقینەی ژنان لە پرۆسەکانی ئاشتیدا. ئەم میتۆدە یارمەتیدەرە بۆ ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی بابەتەکە و هەڵسەنگاندنی شێوازە جیاوازەکانی بەشداریی ژنان.

لەگەڵ ئەوەشدا، توێژینەوەکە پشت بە میتۆدی بەراوردکارییش دەبەستێت، چونکە سێ ئەزموونی جیاواز، واتە ئێرلەندای باکوور، ڕواندا و ژنانی کورد، دەخرێنە بەر خوێندنەوە و بەراوردکردن. ئەم میتۆدە یارمەتیدەرە بۆ دەستنیشانکردنی خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی بەشداریی ژنان لە هەر ئەزموونێکدا، و بۆ تێگەیشتن لە کاریگەریی ژینگەی سیاسی، کەلتووری و کۆمەڵایەتی لەسەر شێوازی بەشدارییان.

### داخوازی یەکەم: شێوازەکانی بەشداریکردنی ژنان لە بونیادنانی ئاشتیدا

بەشداریی ژنان لە بونیادنانی ئاشتیدا چەندین شێوە و ئاستی جیاواز دەگرێتەوە، هەندێکیان پەیوەستن بە دامەزراوە فەرمییەکان، هەندێکی تریان لە ناو کۆمەڵگەو دەسپێشخەرییە جەماوەرییەکاندا دەردەکەون. گرنگیی ئەم داخوازە لەوەدایە کە جیاوازیی نێوان بەشداریی ژمارەیی و کاریگەریی واقعیی ژنان ڕوون دەکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستە، ئەم داخوازییە دابەش دەکەین بۆ دوو لق: لقی یەکەم: بەشداری سیاسی و فەرمی، لقی دووەم: بەشداری کۆمەڵگەیی و جەماوەریی.

#### لقی یەکەم: بەشداری سیاسی و فەرمی

بەشداری سیاسیی چەمکێکی فراوانەو هەر هەڵسوکەوتێك دەگرێتەوە کە چالاکیەکی سیاسیی بێت وەکو بەشداریکردن لە هەڵبژاردن، بەڵام بەشداری فەرمی مەبەست لێی بەشداریکردنە لە ڕێگەی دامەزراوە دەستوریەکان بەتایبەت کەناڵەکانی حکومی.

بەشداری سیاسی و فەرمی ژنان لە پڕۆسەی بونیادنانی ئاشتیدا بریتییە لە بەشداری ژنان لە دامەزراوە فەرمیەکانی حکومەت و نوێنەرایەتیکردنیان لەمێزی دانوستانەکانی ئاشتیدا. ژنان وەک وەزیر، پەرلەمانتارو دیپلۆماتکار ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لەدامەزراندنی سیاسەتە ناوخۆیی و دەرەکییەکان. یەکێک لە فۆرمە سەرەکییەکانی ئەم جۆرە بەشداریکردنە بریتییە لەنوێنەرایەتیکردنی ژنان لەوەفدەکانی ئاشتی و دانوستانەکانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ لایەنە شەڕکەرەکان. هەروەها بەشداریی سیاسی و فەرمی، تێکەڵبونی ڕاستەوخۆی ژنانە لە وتوێژە فەرمییەکانی ئاشتیدا، وەک ئەندامێتی لە شاندە دانوستانکارەکان، پەرلەمانە ڕاگوزەرەکان، لیژنە دەستوورییەکان و ئەو دەستە حکومی یان نیمچە حکومییانەی کە لە قۆناغەکانی دوای ململانێدا بۆ بەڕێوەبردنی وەرچەرخانی سیاسی و بونیادنانی دەوڵەت دادەمەزرێن.(هيئة الأمم المتحدة للمرأة، 2012، ص. 1–3، 5)

بەشداریی سیاسی و فەرمیی ژنان لە پڕۆسەکانی بونیادنانی ئاشتیدا، یەکێکە لە هەستیارترین و جێی مشتومڕترین بابەتەکان لە ئەدەبیاتی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتیدا. ئەم هەستیارییە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەم جۆرە بەشدارییە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە چەقەکانی (سەنتەری) بڕیاردانی سیاسییەوە هەیەو لە ڕووی تیۆرییەوە دەرفەتی ئەوە دەڕەخسێنێت کە ژنان کاریگەرییان لەسەر دەرەنجامی وتوێژەکان و داڕشتنی ڕێککەوتننامە کۆتاییەکانی ململانێ چەکدارییەکان هەبێت.

ئەم ئاراستە پێوەرگەرایيە (Normative) بە دەرچوونی بڕیاری ژمارە (١٣٢٥)ی ئەنجومەنی ئاسایش لە ٣١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٠دا بەهێزتر بوو، کە وەک بەڵگەنامەی سەرەکی و بنەڕەتیی ئەجێندای (ژن، ئاشتی و ئاسایش) هەژمار دەکرێت. بڕیارەکە بە ڕاشکاوی ئاماژەی بە گرنگیی زیادکردنی نوێنەرایەتیی ژنان لە هەموو ئاستەکانی بڕیاردان لە دامەزراوە نیشتمانی، هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان و لەمیکانیزمەکانی ڕێگریکردن و چارەسەرکردنی ململانێکاندا کردووە(مجلس الأمن الدولي، 2000، الفقرات 1–4). هەروەها وڵاتانی ئەندامی پابەند کردووە بە گرتنەبەری ڕێکاری

پراکتیکی بۆ تێکەڵکردنی دیدگای جێندەری لە پرۆسەکانی ئاشتی و دووبارە ئاوەدانکردنەوەدا.

بەڵام ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکانی دواتر بە ڕوونی دەریانخستووە کە ئەم چوارچێوە یاسایی و پێوەرییە بە هەمان ئاست ڕەنگی نەداوەتەوە لەسەر ئاستی پراکتیکی. ڕاپۆرتەکانی ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان (UN Women) ئاماژە بەوە دەکەن کە بەشداریی ژنان لە ووتوێژە فەرمییەکاندا لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەتییەوە بە سنووورداری ماوەتەوەو زۆربەی ئەو ڕێککەوتننامانەی ئاشتی کە لە دوای ساڵی (٢٠٠٠) ەوە واژۆ کراون، شایەتی ئامادەبییەکی کاریگەری ژنان نەبوون لە داڕشتنی بەندەکانی ڕێککەوتنەکاندا .(UN Women, 2022, pp. 18–20)

ئەم جیاوازییە گەورەیە، بوونی بۆشاییەکی بونیادی لە نێوان گوتاری یاسایی نێودەوڵەتی و جێبەجێکردنی کردەیی لەسەر زەوی دەسەلمێنێت.

لە ڕوانگەی تیۆریی فێمەنیزمەوە، سنووورداریی بەشداریی سیاسی و فەرمیی ژنان تەنها بۆ نەبوونی ئیرادەی سیاسی یان لاوازیی میکانیزمە جێبەجێکارییەکان ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ سروشتە بونیادیە پیاوسالاریەکەی خودی پرۆسەکانی ئاشتی دەگەڕێتەوە. بەپێی شیکاریی تیۆری فێمەنیزم، ڕێڕەوە تەقلیدییەکانی وتوێژ لە چوارچێوەی لۆژیکێکی دەسەڵاتخوازی-نوخبەگەراییدا داڕێژراون، کە تێیدا بکەرە سەربازی و سیاسییە نێرینەکان باڵادەستن و بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئەو توێژانەی کە چەکدار نین پەراوێز دەخەن، لەوانەش ژنان، تەنانەت ئەگەر قوربانی سەرەکیی ململانێکانیش بن.(عبدالله وحامد، 2023، ص. 1125–1126)

زۆرێک لە ئەزموونە نێودەوڵەتییەکان نیشانی دەدەن کە بەشداریکردنی ژنان لە وتوێژە فەرمییەکاندا زۆرجار لەچوارچێوەی(بەشداریی ڕواڵەتیدا) دەبینرێت، واتە دانانی ژمارەیەک ژن تەنها بۆ وەڵامدانەوەی فشارە نێودەوڵەتییەکان یان بۆ بەخشینی سیفەتی گشتگیری بەپرۆسەی دانوستانەکە، بێ ئەوەی ڕۆڵێکی ڕاستەقینەیان پێ بدرێت لە دیاریکردنی ئەجێندای وتوێژ یان بڕیاردان. ئەم شێوازە بە ڕوونی لە چەندین دۆخدا تێبینی کراوە، کە تێیدا ئامادەیی ژنان تەنها لە پێگە ڕاوێژکارییەکان یان نوێنەرایەتییە پەراوێزخراوەکاندا قەتیس کراوە (Paffenholz, 2015, pp. 68–71)..

سەرەڕای ئەم ئاستەنگانە، ناتوانرێت نکوڵی لە بوونی ئەو ئەزموونە نێودەوڵەتییانە بکرێت کە نیشانیان داوە بەشداریی سیاسی و فەرمیی ژنان کاتێک ڕاستەقینەو پشتیوانیکراو بێت، بەشدار دەبێت لە باشترکردنی جۆری ڕێککەوتنەکانی ئاشتی و گشتگیربوونیان. ئەزموونی ئیرلەندای باکوور(هەروەك لە داخوازی دووەم باسی لێوەدەکەین) یەکێکە لە دیارترین ئەم مۆدێلانە، کە تێیدا(هاوپەیمانیی ژنانی ئیرلەندای باکوور) ڕۆڵێکی کاریگەری گێڕا لە وتوێژەکانی ڕێککەوتنی (هەینی مەزن) لە ساڵی (١٩٩٨)، بەشدار بوو لە جێگیرکردنی پرسەکانی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی، مافی قوربانیان و یەکسانی لە ناو بەندەکانی ڕێککەوتنەکەدا (Bell and O’Rourke, 2013, pp. 873–875).

لەسەر بنەمای ئەوەی باسکرا، دەتوانین بڵێین بەشداریی سیاسی و فەرمیی ژنان لە بونیادنانی ئاشتیدا مەرجێکی پێویستە، بەڵام بەس نییە بۆ بەدیهێنانی ئاشتییەکی دادپەروەرو بەردەوام. تێکەڵکردنی ژنان لە دامەزراوە فەرمییەکاندا بێ گۆڕینی ئەو پێکهاتە پیاوسالاریانەی کە پرۆسەکانی ئاشتی بەڕێوە دەبەن، ڕەنگە تەنها ببێتە هۆی توانەوەیان لە ناو سیستەمە هەبووەکەدا لەبری ئەوەی بتوانن کاریگەریی تێدا دروست بکەن یان بیگۆڕن (hooks, 2015, pp. 55–60).

بۆیە تەحەددای ڕاستەقینە تەنها لە زیادکردنی ژمارەی ژنانی بەشدار لە وتوێژە فەرمییەکاندا نییە، بەڵکو لە دووبارە داڕشتنەوەی پێکهاتەی خودی پرۆسەکانی ئاشتیدایە، بە جۆرێک کە ئەزموونەکانی ژنان لەخۆبگرێت و پرسەکانی دادپەروەریی جێندەری، توندوتیژیی بونیادی و یەکسانیی کۆمەڵایەتی بخاتە ناو جەرگەی ئەجێندای دانوستانەکانەوە، نەک لە پەراوێزدا بن.

**لقی دووەم: بەشداری کۆمەڵگەیی و جەماوەریی**

بەشداریی ژنان لە کایە کۆمەڵایەتی و جەماوەرییەکاندا، یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی پرۆسەی بونیادنانی ئاشتی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا. بەهۆی ئەو پێگە کاریگەرەی ژنان لە ناو خێزان و ناوەندە مەدەنییەکاندا هەیانە، دەتوانن وەک کاراکتەرێکی بنەڕەتی بۆ چاندنی تۆوی بەیەکەوە ژیانی ئاشتییانەو ڕەخساندنی زەمینەی دیالۆگی نیشتمانی دەربکەون. ئەم لقە تیشک دەخاتە سەر گرنگیی ڕۆڵی جەماوەریی ژنان و چۆنیەتی گۆڕینی ئاشتی لە چەمکێکی تیۆرییەوە بۆ واقیعێکی کۆمەڵایەتیی بەرجەستە، کە تیایدا ژنان دەبنە بزوێنەری سەرەکی بۆ ڕەتکردنەوەی توندوتیژی و چەسپاندنی ئاشتی و سەقامگیریی هەمیشەیی. لەخوارەوە بەچەند خاڵێك ئەم ڕۆڵەی ژنان ڕوندەکەینەوەو چوارچێوەکەی دیاری دەکەین:

**یەکەم: چییەتی بەشداریی کۆمەڵایەتی و جەماوەریی ژنان**

مەبەست لە بەشداریی کۆمەڵایەتی و جەماوەریی ژنان لە بونیادنانی ئاشتیدا، هاتنە پێشەوەی ژنانە لەو دەسپێشخەرییە ناوخۆییە نافەرمییانەی کە ئامانجیان کۆنترۆڵکردنی ناکۆکییەکان و بەهێزکردنی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و دووبارە بونیادنانەوەی پەیوەندییەکانە لە ناو ئەو کۆمەڵگەیانەی کە بەهۆی توندوتیژییەوە زیانیان بەرکەوتووە، ئەوەش بە دوور لە چوارچێوە فەرمییەکانی وتوێژو دامەزراوەکان. ئەم بەشدارییە چەندین ڕۆڵی جیاواز دەگرێتەوە، وەک ناوبژیوانیی ناوخۆیی، کاری کەرتی تایبەت، دەسپێشخەرییە خۆبەخشییەکان و بەرنامەکانی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی، ئەمانە ئەو ڕۆڵانەن کە زۆرجار لە ئاستە جەماوەرییە بناغەییەکاندا (Grassroots)ئەنجام دەدرێن، کە تێیاندا ژیانی ڕۆژانە لەگەڵ شوێنەوارەکانی ململانێدا یەکدەبڕن. کەواتە دەتوانین بڵێین مەبەست لە بەشداریی کۆمەڵایەتی ژنان لە بونیادنانی ئاشتی ئەو ڕۆڵەیە کە ژنان ئەتوانن بیگێڕن لە هەردوو قۆناغی ململانێ و دوای ململانێش بۆ بونیادنان و سەقامگیرکردنی ئاشتیەکی هەمیشەیی، لەڕێگەی کارە کۆمەڵایەتیەکانی ناو خێزان و یەکە جیاوازە کۆمەڵایەتیەکانیشەوە (Bouta and Frerks, 2004, p. 25).

**دووەم: گرنگیی بەشداریی جەماوەریی ژنان لە کۆمەڵگەکانی دوای ململانێ**

ئەم جۆرە بەشدارییە بایەخێکی تایبەتی هەیە لەو کۆمەڵگایانەی کە لە ململانێ دەردەچن، ئەو شوێنانەی کە دامەزراوەکانی دەوڵەت تێیاندا لاوازن یان متمانەیان لەدەستداوەو کۆمەڵگەی ناوخۆیی دەبێتە فەزای سەرەکی بۆ بەرهەمهێنانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی. هەندێك توێژەر جەخت لەوە دەکەنەوە کە بەشداریی جەماوەریی ژنان یەکێکە لە جێگیرترین شێوازەکانی بەشداری، چونکە پشت بە شەرعییەتێکی

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**[://sjh.univsul.edu.iq/](https://sjh.univsul.edu.iq/), **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12570]
- **Submission Date:** [8/6/2026], **Revised Date:** [8/6/2026], **Accepted Date:** [23/6/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

کۆمەڵایەتیی ناوخۆیی دەبەستێت، نەک سپاردنێکی سیاسیی کاتی کە هەر کات شایەنی هەڵوەشاندنەوە بێت (UN Women, 2022, pp. 21–25)

**سێیەم: ڕۆڵە کردەییەکانی ژنان لە کۆنترۆڵکردنی ناکۆکی و دووبارە بونیادنانەوەی متمانە**

ژنان لە کاریی کۆمەڵاتیدا ڕۆڵی سەرەکییان گێڕاوە لە کۆنترۆڵکردنی ئەو ناکۆکییە ڕۆژانانەی کە ناگەنە ئاستی وتوێژە سیاسییەکان، بەڵام هەڕەشەی ڕاستەوخۆن بۆ سەر ئاشتیی ناوخۆیی. ئەم ڕۆڵانە بەتایبەتی ناوبژیوانی لە نێوان خێزان و گروپە ناوخۆییەکان و بەشداری لە چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییانەی کە پەیوەستن بە ئاوارەیی و خاوەندارێتی و وابەستەبوونە لاوەکییەکان(یا پێناسە لاوەکییەکان(Sub-identities) دەگرێتەوە(شبابحة، 2021، ص. 125–136)

لەم چوارچێوەیەدا، دەسپێشخەرییە فێمەنیستیە ناوخۆییەکان بەشدار بوون لە پاراستنی کەناڵەکانی پەیوەندی لە ناو کۆمەڵگە دابەشبووەکاندا، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە بەهۆی ململانێ چەکدارییەکانەوە زیانیان بەرکەوتووە، لەوێدا ژنان ڕۆڵیان گێڕاوە لە کەمکردنەوەی گرژییەکان و دووبارە بونیادنانەوەی متمانە لە نێوان بکەرە ناوخۆییەکاندا، لە سایەی نەبوونی کاریگەریی دامەزراوەکانی دەوڵەتدا(UN Women Iraq Office, 2022, pp. 23–27) .

**چوارەم: بەشداریی ژنان لە دووبارە داڕشتنەوەی تەونی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیی نێوان ئاستی جەماوەری و فەرمی**

بەشداریی کۆمەڵایەتیی ژنان تەنها لە سنووردارکردنی ناکۆکییەکاندا ناوەستێت، بەڵکو درێژ دەبێتەوە بۆ قۆناغێکی قووڵتر کە پەیوەستە بە دووبارە داڕشتنەوەی شانەی کۆمەڵایەتی (Social Fabric) دوای ماوەکانی توندوتیژی واتە قۆناغی دوای ململانێ، لەم کۆمەڵگایانە، زۆرجار پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەهۆی ترس و لەدەستدانی متمانەو پێشێلکارییەکانی ئەندامانی بەرامبەر یەکتر تووشی درزی قووڵ بوون.

ئەو ژنانەی لە دەسپێشخەرییە جەماوەرییەکاندا کاردەکەن، بەشدار بوون لە دووبارە زیندووکردنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەڕێگەی بەرنامەکانی گفتوگۆی کۆمەڵایەتی، پاڵپشتیکردنی قوربانیان و گەشەپێدانی کەلتووری پێکەوەژیان، کە ئەمانە بوونەتە بنەمایەک بۆ دووبارە بونیادنانەوەی ئاشتیی ناوخۆیی(مركز دراسات الوحدة العربية، 2020، ص. 41–46).

سەرەڕای گرنگیی بەشداریی کۆمەڵایەتی و جەماوەریی ژنان، بەڵام ئەم شێوازە لە بەشداری زۆرجار لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتیدا قەتیس دەمێنێتەوە، بێ ئەوەی وەرگێڕدرێتە سەر کاریگەریی ڕاستەقینە لە سیاسەتە گشتییەکان یان لەداڕشتنەوەی فەرمیی ئاشتیدا. بۆیە کورتکردنەوەی بەشداریی ژنان تەنها لە ئاستە جەماوەرییەکاندا، هاوکات دوورخستنەوەیان لە ئاستە فەرمییەکان، دەبێتە هۆی چەسپاندنی دابەشکارییەکی جێندەری لە کاری سیاسیدا، کە تێیدا سیاسەتی ڕەق(Hard politics)وەک قۆرخکارییەک بۆ نوخبە نێرینەکان دەمێنێتەوە.(Lithander, 2000, pp. 34–38)

بۆیە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەم دابڕانەی نێوان ئاستی جەماوەری و فەرمی، ئاستی کاریگەریی بەشداریی ژنان لاواز دەکات و دەیگۆڕێت بۆ ئامرازێکی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی لەبری ئەوەی دەروازەیەک بێت بۆ دووبارە دابەشکردنەوەی دەسەڵات. بۆیە بەهێزکردنی بەشداریی کۆمەڵایەتیی ژنان دەبێت هاوتەریب بێت لەگەڵ میکانیزم گەلێک کە گواستنەوەی ئەزموون و شارەزاییەکانی ئەوان بۆ ئاستەکانی بڕیاردان زامن بکات، بە جۆرێک کە تەواوکاری لە نێوان ئاشتیی کۆمەڵایەتی و ئاشتیی سیاسیدا بەدی بهێنێت.

**داخوازی دووەم: نموونەی لێکۆڵینەوە لە ئێرلەندای باکوور**

ململانێی ئێرلەندای باکوورلە کیشوەری ئەورووپا مۆدێلێکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لەوەی چۆن بەشداریی ژنان دەتوانێت لە ئاستی کاری کۆمەڵایەتیی بنکەییەوە بگوازرێتەوە بۆ ئاستی سیاسی و فەرمی. ئەم ئەزموونە نیشان دەدات کە ژنان تەنها قوربانیی ململانێ نەبوون، بەڵکو بکەری کاریگەر بوون لە بونیادنانی متمانە، فراوانکردنی ئەجێندای ئاشتی و کاریگەری لە ڕێککەوتنی هەینی مەزن. بۆ ئەم مەبەستە، ئەم داخوازییە دابەش دەکەین بۆ دوو لق: لقی یەکەم ڕۆڵی ژن لە جووڵانەوە فێمەنیستی و سیاسییەکاندا، لقی دووەم بەشداریکردنی ژنان لە ڕێککەوتننامە ئاشتی و فەرمییەکاندا.

**لقی یەکەم: ڕۆڵی ژن لە جووڵانەوە فێمەنیستی و سیاسییەکاندا**

ململانێی ئێرلەندای باکوور وەک نموونەیەکی کلاسیکی ئەوەی پێی دەوترێت) ململانێ کۆمەڵایەتییە ڕەگداکوتاوەکان Ingrained - social conflicts)هەژمار دەکرێت؛ ئەمانە ئەو جۆرە ململانێیانەن کە لە ناو خودی کۆمەڵگەدا ڕەگیان داکوتاوەو لەسەر بنەمای دابەشبوونی قووڵی ناسنامەیی، ئایینی و سیاسی بنیاد نراون، کە بە درێژایی چەندین نەوە بەردەوام دەبن و کەمکردنەوەیان بە ئامرازە تەقلیدییەکانی بەڕێوەبردنی ململانێ کارێکی قورسە(بولكماحل، 2021، ص. 12–15).

ئەم ململانێیە لە چوارچێوەیەکی مێژوویی درێژخایەندا دروست بوو کە بە باڵادەستیی بەریتانیا بەسەر دوورگەی ئێرلەندادا دەستی پێکرد، پاشان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بە دابەشکردنی دوورگەکە قووڵتر بووەوە؛ دابەشکردنێک کە بووە بنەمایەکی هەمیشەیی بۆ دروستبوونی درزێکی بنیادی لە نێوان زۆرینەیەکی پرۆتێستانتی (دڵسۆز بۆ بەریتانیا) و کەمینەیەکی کاتۆلیکی (کە داوای یەکگرتنەوەیان لەگەڵ کۆماری ئێرلەندادا دەکرد).(هادي، د.ت.، ص. 73–75) ململانێکە بووە هۆی کوژرانی زیاتر لە (٣٦٠٠) کەس. ململانێکە لە دەوری دوو ناسنامەی سیاسیی دژبە یەک چڕبووەوە: یەکێتیخوازە پرۆتێستانتەکان کە خوازیاری مانەوە بوون لە چوارچێوەی شانشینی یەکگرتوو و نەتەوەییە کاسۆلیکەکان کە هەوڵی یەکگرتنەوەی ئێرلەندایان دەدا. لە کۆتاییەکانی شەستەکاندا، بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان (NICRA- Northern Ireland Civil Rights Association -)کە داوای کۆتاییهێنان بە جیاکاری دژی کاسۆلیکەکانی دەکرد لە بواری نیشتەجێکردن و دامەزراندندا- گۆڕا بۆ ململانێیەکی چەکداری کە تا کۆتاییەکانی نەوەدەکان بەردەوام بوو.(Taylor, 2017, p. 3)

ئەم دابەشبوونە لە ڕێگەی سیستەمێکی ئاڵۆزی جیاکاریی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە چەسپێنرا، کە لە سیاسەتەکانی نیشتەجێکردن، پەروەردە، دامەزراندن و نوێنەرایەتیی سیاسیدا ڕەنگی دایەوە، ئەمەش وایکرد ناسنامەی ئایینی ببێتە دیاریکەرێکی سیاسیی ململانێکەو وای لێکرد ناوبەناو خاسیەتێکی توندوتیژ وەربگرێت، کە لە قۆناغی) پشێوییەکاندا (The Troubles - گەیشتە لووتکە، کە لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە تانەوەدەکان بەردەوام بوو(هادي، د.ت.، ص. 76–78). لەم قۆناغەدا دیدگا ئەمنی و سەربازییەکان بەسەر بەڕێوەبردنی ململانێکەدا زاڵ بوون، لە

بەرامبەر پشتگوێخستنی ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان، ئەمەش بەشدار بوو لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی بەردەوامی توندوتیژی لەبری کۆنترۆڵکردنی.(Knox, 2010, pp. 13–15)

لە سایەی ئەم دۆخەدا، وردە وردە دیدگای نوێ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ململانێکەدا سەری هەڵدا، کە لەسەر بنەمای) وەرچەرخانی ململانێ Conflict Transformation) -بنیاد نرابوو، لەبری تەنها بەڕێوەبردن یان ڕێککەوتنی ڕواڵەتی. ئەم دیدگایە جەختی لەسەر چارەسەرکردنی ڕەگە بنیادیەکانی ململانێکە، دووبارە ئەندازەکردنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان پێکهاتە ناکۆکەکان و بەهێزکردنی ڕۆڵی بکەرە کۆمەڵایەتییەکان لە بونیادنانی ئاشتییەکی بەردەوامدا دەکردەوە(بولکماحل، 2021، ص. 34–36). لەم چوارچێوەیەدا، کۆمەڵگەی مەدەنی دەستی کرد بە گێڕانی ڕۆڵێکی گرنگ، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە زۆرترین زیانیان بەهۆی توندوتیژی و دابەشبوونی تائیفییەوە بەرکەوتبوو.

لەناو ئەم چوارچێوە وەرچەرخێنەرەدا، ڕۆڵی ژنان لە سەرەتادا لە ڕێگەی کاری کۆمەڵایەتیی بنکەییەوە(Grassroots) دەرکەوت، کەتێیدا بەشداریان کرد لە دەسپێشخەرییە ناوخۆییەکان بە ئامانجی کەمکردنەوەی شوێنەوارەکانی توندوتیژی، چاودێریکردنی قوربانیان و بونیادنانی پردی پەیوەندی لەنێوان گەڕەکە دابەشبووە مەزهەبیەکاندا .(Knox, 2010, pp. 16–18)تایبەتمەندیی ئەم ڕۆڵە لەوەدا بوو کە کارێکی پراکتیکی و کەڵەکەبوو بوو پەیوەست بوو بە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگەوە، دوور لە لۆژیکی سەربازیگەرایی و جەمسەرگیریی توندی سیاسی.

بۆ ئەمە باشترین نمونە هەوڵەکانی ڕێکخراوەکانی ژنانە لە ئیرلەندا کە چەندین ڕێکخراو لەسەرەتای دروستبونی ناکۆکیەکانەوە هەوڵیاندا سنوری ناکۆکیەکان لەڕێگەی هێنانەکایەی ئاشتی لەنێوان ئەندامانی خوارەوەی کۆمەڵگا بهێننەدی، زۆرێك لە چالاکی ئەم ڕێکخراوانە ئاراستەی دەستەبژێری سیاسی نەبون، کاری ئاشتیی ژنان بەوە جیا دەکرایەوە کە فرە-ئاست بوو و ڕیشەی لە تان و پۆی کۆمەڵایەتیدا داکوتابوو. ساڵانێک پێش دانوستانە فەرمییەکان، دەستپێشخەرییەکانی وەک) ژنان پێکەوە (Women Together - ١٩٧٠) لە هێڵەکانی پێشەوەی کۆمەڵگە دابەشبووەکان کاریان دەکرد، بۆ ڕێگریکردن لە ئاژاوەگێڕی لەنێوان گەنجان و بەڕێوەبردنی گفتوگۆی ڕاستەوخۆ. هەروەها کاری خۆجێیی، وەک لە ئەزموونی) مەی بلەد May Blood)(A Century of - Women, n.d.)دا دەرکەوت، ئەوەی سەلماند کە تێپەڕاندنی ناکۆکییە دەستوورییە گەورەکان و گرنگیدان بە پرسە مرۆییە هاوبەشەکانی وەک نیشتەجێبوون و پەروەردە و تەندروستی، دەروازەیەکی کردەیی بەهێز پێکدەهێنێت بۆ شکاندنی بەربەستە دەروونییەکان و بنیاتنانی متمانە. ئەم جەختکردنەوەیە لەسەر پێداویستییە ڕۆژانە هاوبەشەکان، ژنانی گۆڕی بۆ نێوەندگیری کۆمەڵایەتی کە توانای خوڵقاندنی پانتایی ئارامتریان هەیە بۆ گفتوگۆ(Women and the Northern Ireland Peace. Process, n.d.)

لەگەڵ گەشەکردنی ڕێڕەوی ئاشتیدا لە نەوەدەکاندا، دەرکەوت کە تەنها ڕۆڵی کۆمەڵایەتی بەس نابێت بۆ کاریگەری دروستکردن لەسەر پرۆسە سیاسییەکە، کە هێشتا لە ژێر هەژموونی نوخبە حزبی و سەربازییەکاندا مابووەوە. لەم چوارچێوەیەدا، چەندین ژنی چالاکوان و ئەندامی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئیرلەندای باکوور، لە ساڵی (١٩٩٦)دا هاوپەیمانیی ژنانی ئیرلەندای باکوور (Northern Ireland Women’s Coalition (NIWC))یان دامەزراند، وەک چوارچێوەیەکی سیاسیی فرە-پێکهاتە کە بتوانێت دەنگ و ئەزموونی ژنان بە شێوەیەکی فەرمی بخاتە ناو پرۆسەی دانوستانەکانی ئاشتییەوە. بەمەش ژنان لە پێگەی چالاکیی کۆمەڵایەتیی نافەرمییەوە گواسترانەوە بۆ پێگەی بکەرێکی سیاسیی ڕێکخراو(Hemmer et al., n.d., pp. 1–2)، چونکە دەسپێشخەرییە فێمەنیستییە فرە-تایفەییەکان گۆڕان بۆ حزبێکی سیاسی کە بتوانێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداری لە وتوێژەکاندا بکات.

ئەم گۆڕانکارییە وەرچەرخانێکی جۆری بوو لە ڕێڕەوی ئاشتیدا، چونکە قۆرخکاریی نێرینەی بەسەر پرۆسەی وتوێژەکاندا شکاندو دەرفەتی بۆ دیدگایەکی گشتگیرتر بۆ ئاشتی ڕەخساند. بۆیە هاوپەیمانییەکە وەک حزبێکی سیاسیی تێپەڕێنەری سنوورە تایفەکان دامەزرا، لەسەر بنەمای ئەو بڕوایەی کە سەرکردە سیاسییە نەریتییەکان نوێنەرایەتیی ژنان فەرامۆش دەکەن. بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئەم دانوستانانەدا، پەیڕەوی ئەم بنەمایە کرا:(ئەگەر بەشێک بیت لە کێشەکە، دەبێت بەشێکیش بیت لە چارەسەر). هاوپەیمانییەکە لە بەدەستهێنانی کورسییەک لەسەر مێزی دانوستان سەرکەوتوو بوو، ژنان لە ١٠٪ی تیمەکانی دانوستانیان پێکدەهێنا؛ بەمەش هاوپەیمانییەکە بووە یەکێک لە هەشت واژۆکارانی ڕێککەوتننامەی هەینیی مەزن لە ساڵی١٩٩٨.(Fearon, 2002, pp. 78–81)

**لقی دووەم: بەشداریکردنی ژنان لە ڕێکەوتننامە فەرمییەکانی ئاشتیدا**

سەرەڕای ئاستەنگە جۆراوجۆرەکانی بەردەم بەشداریی ژنان لە بنیادنانی ئاشتیدا، ناتوانرێت نکوڵی لە بوونی ئەو ئەزموونە نێودەوڵەتییانە بکرێت کە نیشانیان داوە بەشداریی سیاسی و فەرمیی ژنان کاتێک ڕاستەقینەو پشتیوانیکراو بێت، بەشدار دەبێت لە باشترکردنی جۆری ڕێککەوتنەکانی ئاشتی و گشتگیربوونیان. ئەزموونی ئیرلەندای باکوور(هەروەکو لە بڕگەی پێشوتردا باسمان کرد) یەکێکە لە دیارترین ئەم مۆدێلانە، کە تێیدا (هاوپەیمانیی ژنانی ئیرلەندای باکوور) ڕۆڵێکی کاریگەری گێڕا لە وتوێژەکانی ڕێککەوتنی (هەینی مەزن) لە ساڵی (١٩٩٨)، بەشدار بوو لە جێگیرکردنی پرسەکانی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی، مافی قوربانیان و یەکسانی لە ناو بەندەکانی ڕێککەوتنەکەدا. لێرەدا ئاماژە بە چەند خاڵێکی گرنگی دەکەین:

**یەکەم: ڕۆڵی وتوێژکاری و وەرچەرخان لە ناوەڕۆکی پرۆسەی ئاشتیدا**

لە سەرەتاکانی بەشداریکردنیان لە وتوێژەکاندا، ڕۆڵی ژنان تا ڕادەیەک سنووردار بوو و زۆرجار تەنها لە خستنەڕووی ئەو پرسانەدا کورت دەبووەوە کە خاسیەتێکی کۆمەڵایەتی و مرۆییان هەبوو، کە لە دیدی بکەرە تەقلیدییەکاندا وەک (پرسی ناوەندی) نەدەبینران. بەڵام ئەم ڕۆڵە بە خێرایی گەشەی کرد، بە جۆرێک ژنان توانییان ئەجێندای وتوێژەکان فراوان بکەن بۆ ئەوەی پرسەکانی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی، مافی قوربانیان، چاکسازیی پەروەردەو بونیادنانی متمانە لە نێوان پێکهاتە ناکۆکەکاندا بگرێتەوە(Hemmer et al., n.d., p. 3).

ئەم فراوانکردنە بەشدار بوو لە دووبارە پێناسەکردنەوەی خودی چەمکی ئاشتی، بە جۆرێک چیتر تەنها لە ڕاگرتنی توندوتیژی یان

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12570]
- **Submission Date:** [8/6/2026], **Revised Date:** [8/6/2026], **Accepted Date:** [23/6/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان دەستەبژێرەکاندا کورت نەدەبووەوە، بەڵکو وەک ڕێڕەوێکی درێژخایەن بۆ دووبارە بونیادنانەوەی کۆمەڵگەو چارەسەرکردنی شوێنەوارە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی ململانێ سەیر دەکرا. ئەم وەرچەرخانە بە یەکێک لە دیارترین دەرەنجامەکانی تێکەڵکردنی بکەرە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەتی ژنان، لە ڕێڕەوی بونیادنانی ئاشتیدا دادەنرێت (Knox, 2010, pp. 19–21).

**دووەم: ڕێککەوتنی هەینی مەزن (Good Friday Agreement) و کاریگەریی بەشداریی ژنان**

ڕێڕەوی ئاشتی بە واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی (هەینی مەزن) گەیشتە لووتکە، ڕێککەوتنێک کە چوارچێوەیەکی سیاسی و یاسایی بۆ کۆتاییهێنان بە ململانێی چەکداری، جێگیرکردنی سیستەمی دابەشکردنی دەسەڵات و بەهێزکردنی بنەمای بەشداریی سیاسیی هاوسەنگ لە نێوان پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکاندا دارشت(هادي، د.ت.، ص. 74–75). ڕێککەوتنەکە ئاماژەیەکی ڕەمزیی قووڵی هەڵگرتبوو، چونکە لەڕۆژێکدا واژۆ کرا کە بەهایەکی ئاینی تایبەتی هەبوو، ئەمەش شەرعییەتە کۆمەڵایەتییەکەی بەهێزتر کردو ڕەهەندێکی ئاشتەوایی پێ بەخشی کە لە تەنها دەقێکی یاسایی تێدەپەڕی.

هەرچەندە ڕێککەوتنەکە تەنها بەرهەمی چالاکیی ژنان نەبوو(Taylor, 2017, p. 6)، بەڵام بەشداریی ژنان ڕۆڵی هەبوو لە ڕەخساندنی ئەو کەشوهەوا کۆمەڵایەتی و سیاسییەی کە ڕێککەوتنەکەی کردە کارێکی گونجاو، چ لە ڕێگەی فشاری کۆمەڵایەتییەوە بێت یان لەڕێگەی هێنانە ناوەوەی کەلتووری گفتوگۆو کۆدەنگی بۆ ناو پرۆسە سیاسییەکە (Hemmer et al., n.d., pp. 3–4).هەروەها ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان، کە ژنان بەشێکی بنەڕەتییان بوون، ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕا لە کۆکردنەوەی پشتیوانیی جەماوەری بۆ ڕێککەوتنەکە لە کاتی ڕاپرسییەکەدا (ڕیفراندۆم) و لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو گوتارانەی کە دژی ئاشتی بوون.

لە قۆناغەکانی بەڕێوەچوونی گفتوگۆکانی ئاشتی هەوڵدرا سیستمێکی هەڵبژاردن پەیرەو بکرێت تا گروپە چەکداری و سیاسیە بچوکەکان بتوانن نوێنەریان هەبێت لە گفتوگۆکانی ئاشتی کە دواتر ڕێککەوتننامەی هەینی مەزنی لێ بەرهەم هات، ژنان ئەم دۆخەیان بەدەرفەت زانی و خۆیان ڕێکخست وەکو پارتێکی سیاسی و توانیان (10%) ی کورسیەکان مسۆگەر بکەن، ئەم یاسایە لە بنەڕەتدا بۆ بەشدارپێکردنی ژنان نەبوو، بەڵام ئەوان توانیان ئەمە بکەن بە دەرفەت تا ڕۆڵەکەیان لە ڕۆڵی کۆمەڵایەتیەوە بگوازنەوە بۆ ڕۆڵی سیاسی.(Taylor, 2017, pp. 12–15)

کاریگەریی بەشداری هاوپەیمانیی ژنان (NIWC)لەوەوە سەرچاوەی گرت کە ئەوان بێ لایەنانە کاریان بۆ بونیادنانی ئاشتی کرد، بە یەك مەودا لە لایەنەکانی ململانێ نزیك بون لە هەر قۆناغێك بەهەر هۆیەك لایەنێك دورخرابێتەوە لە پرۆسەی ئاشتی ئەم کۆمەڵەیە پەیوەندی لەگەڵ نەئەپچڕاند بەڵکو هەوڵی ئەدا بیهێنێتەوە ناو کایە سیسایەکە، ئەمە وایکرد کە ئەوان زیاتر ببنە جێی متمانەو ئەو ئەجێندایەی کە نوێنەرایەتیشی ئەکەن زیاتر قبوڵ بکرێت، یەکێکی تر لەو فاکتەرانەی بوە هۆی کاریگەری ژنان ئەوەبو کە ئەوان بۆ بڕیاردانی ناوخۆییان پشتیان بە کۆدەنگی ئەبەست واتا پێش ئەوەی بچنە گفتوگۆ لەگەڵ لایەنەکانی تر ئەوان خۆیان پێشتر کۆدەنگیان لەسەر ئەجێندای خۆیان دروست ئەکرد ئەمەش دیسان بووە هۆی ئەوەی کە ئەجێنداکانیان ئاسانتر قبوڵ بکرێت (Taylor, 2017, pp. 15–16).

بەڵام قۆناغی دوای ڕێککەوتنەکە سنوورەکانی ئەم وەرچەرخانەی ئاشکرا کرد، چونکە ئامادەیی ژنان لە دامەزراوە سیاسییە فەرمییەکاندا پاشەکشەی کردو حزبە تەقلیدییەکان دووبارە هەژموونی خۆیان بەسەر جومگەکانی دەسەڵاتدا سەپاندەوە، ئەمەش توانای گۆڕینی دەستکەوتە وتوێژکارییەکانی بۆ بەهێزکردنی سیاسیی بەردەوام (Sustainable political empowerment) لاواز کرد (Knox, 2010, pp. 22–24).ئەم پاشەکشەیە ڕەنگدانەوەی ئاریشەیەکی بنیادییە لە ڕێڕەوەکانی بونیادنانی ئاشتیدا، کە بریتییە لە جیاکردنەوەی (ساتەوەختی وتوێژ) لە (ساتەوەختی بەڕێوەبردنی ئاشتی) و زامنەکردنی بەردەوامیی تێکەڵکردنی بکەرە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەتی ژنان لە قۆناغەکانی دواتردا.

بەڕای ئێمە، ئەزموونی هاوپەیمانیی ژنانی ئیرلەندای باکوور (NIWC)خاوەنی پارادۆکسێکی بنیادییە کە دەبێتە کلیلی تێگەیشتن لەسەرکەوتن و شکستەکەی پێکەوە: هەمان ئەو تایبەتمەندییەی کاریگەرییەکەی لە ساتی وتوێژدا مسۆگەر کرد — واتە بێلایەنی، پردسازی لە نێوان دوو کۆمەڵگەی دابڕاو، و پشتبەستن بە کۆدەنگیی ناوخۆیی پێش دانوستان — هەمان ئەو تایبەتمەندییە بوو کە لە قۆناغی بەڕێوەبردندا لاوازی کردن. چونکە ئەم هاوپەیمانییە خۆی وەک (پارتی پرۆسە Process party) - لە دەرەوەی دوو بلۆکە نەتەوەیی-ئاینییەکە ڕێکخست، نەک وەک هێزێک لە ناوەوەیان، بۆیە لە ڕووی دیزاینەوە بۆ ساتی دانوستان دروستکرابوو نەک بۆ ساتی دابەشکردنی دەسەڵات. کاتێک پرۆسەکە لە سەر مێزی وتوێژەوە گواسترایەوە بۆ دامەزراوە هەمیشەییەکانی هاوبەشیی دەسەڵات، ئەو ئاکتەرەی لەسەر تەوەرەیەکی جیاواز (جێندەر) ڕێکخرابوو، شوێنی نەمایەوە، کەواتە پاشەکشەکەی نیشانەی لاوازیی ژنان نەبوو، بەڵکو دەرئەنجامی سروشتیی ئەو پێکهاتەیە بوو کە تێیدا کاری کرد.

**داخوازی سێیەم: نموونەی لێکۆڵینەوە لە ڕواندا**

ئەزموونی ڕواندا لە کیشوەری ئەفریقیا دوای جینۆسایدی (١٩٩٤) نموونەیەکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لەوەی چۆن ژنان دەتوانن لە قوربانیبوونەوە بگوازنەوە بۆ پێگەی بکەرێکی کاریگەر لە بونیادنانی ئاشتی. ئەم داخوازییە تیشک دەخاتە سەر پەیوەندیی نێوان نوێنەرایەتیی سیاسی، کۆتا، دادپەروەریی ڕاگوزەر و ئاوەدانکردنەوەی کۆمەڵگە. بۆ ئەم مەبەستە، ئەم داخوازییە دابەش دەکەین بۆ دوو لق، لقی یەکەم: بەدامەزراوەییکردنی بەشداریی ژنان لە پرۆسەی بونیادنانی ئاشتی، لقی دووەم: بەرنامەکانی بەهێزکردنی ژن و ڕۆڵی لە ئاوەدانکردنەوە و ئاشتکردنەوەدا.

**لقی یەکەم: بەدامەزراوەییکردنی بەشداریی ژنان لە پرۆسەی بونیادنانی ئاشتی**

ململانێی ڕواندا یەکێکە لە خوێناویترین و ئاڵۆزترین ململانێکان لە ئەفریقادا نموونەیەکی زەقە بۆ ئەو ململانێیانەی لەسەر بنەمای ناسنامە نەتەوەییەکان بنیادنراون کە لە مێژوودا لە ناو سیاقێکی ئیستیعماری و دوای کۆلۆنیالیدا بە سیاسی کراون. بۆ تێگەیشتن لە جینۆسایدی ساڵی ١٩٩٤ی ڕواندا، پێویستە لەو ڕێڕەوە مێژووییە ورد ببینەوە کە پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی گۆڕی بۆ دوژمنایەتییەکی وجودی. کۆمەڵگەی ڕواندا لە سێ گرووپی سەرەکی پێکهاتبوو: (توا- دانیشتووانە ڕەسەنەکان، هوتو- جوتیارەکان، توتسی-

ئاژەڵدارەکان). بۆ چەندین سەدە پەیوەندی نێوانیان بە نەرمی و پێکەوەژیان و ئاوێتەبوون دەناسرایەوە؛ هەمان زمان (کینیارواندا)، کەلتوورو ئاینیان هەبوو، گۆڕینی ناسنامە لە نێوانیاندا لە ڕێگەی ئابووری یان هاوسەرگیرییەوە کارێکی باو بوو. وەرچەرخانە مەترسیدارەکە لەگەڵ سەردەمی داگیرکاریی (ئەڵمانیا و پاشان بەلجیکا) دەستی پێکرد. داگیرکەران تیۆرێکی ڕەگەزپەرستانەیان سەپاند و ناسنامە کۆمەڵایەتییە نەرمەکانی پێشوویان گۆڕی بۆ ناسنامەی ئیتنیی ڕەق و دژبەیەک. بەلجیکا لە ساڵی (١٩٣٣)دا (کارتی ناسنامەی ئیتنی) داهێنا و کەمینەی توتسیی لە دەسەڵات و پەروەردەدا پەسەند کرد. بەڵام لە کاتی نزیکبوونەوەی سەربەخۆیی، بەلجیکا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی، ئاراستەی پشتیوانی خۆی بۆ لای نوخبەی هۆتو گۆڕی، ئەمەش ململانێی لەسەر دەسەڵات گۆڕی بۆ ململانێی ناسنامە. دوای سەربەخۆیی لە ساڵی (١٩٦٢)، دەوڵەتی نوێ نەک هەر چارەسەری ئەم میراتەی نەکرد، بەڵکو بە شێوەیەکی پێچەوانە بەرهەمی هێنایەوە. لە ژێر سایەی دەسەڵاتی هۆتودا، توتسییەکان بە شێوەیەکی سیستماتیک پەراوێز خران و ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەوە، ئەمەش بووە هۆی ئاوارەبوونی هەزاران کەس کە دواتر) بەرەی نیشتیمانیی ڕواندا Rwandan - Patriotic Front – RPF)یان وەک بزووتنەوەیەکی چەکدار پێکهێنا. لە ساڵی(١٩٩٠)دا ململانێکە گەیشتە قۆناغی یەکلاکەرەوە. ڕژێمی دەسەڵاتدار ناسنامەی ئیتنیی بە ئەوپەڕی سیاسی کردو لە ڕێگەی میدیاکانەوە گوتاری ڕق و کینەی بڵاوکردەوە، کە تێیدا توتسییەکانی وەک "سیسرک" و دوژمنی نیشتمان وێنا دەکرد. دوای تیرۆرکردنی سەرۆک لە (٦ی نیسانی ١٩٩٤)، زەمینەی کۆمەڵکوژی بەیەکدادانی لایەنەکان بەتەواوەتی لەباربوو(لسمر، 2022–2023، ص. 101–110) . لە جینۆسایدی ساڵی (١٩٩٤)دا گرژی و ناکۆکی لایەنەکان گەیشتە لوتکە و تێیدا نزیکەی (٨٠٠) هەزار کەس لە ماوەی سەد ڕۆژدا کوژران. ئەم قۆناغە نوێنەرایەتی لوتکەی دارمانی دەوڵەت و کۆمەڵگەی پێکەوە دەکرد، چونکە دامەزراوەکان هەرەسیان هێنا، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەڵوەشانەوەو ژنان ڕووبەڕووی پێشێلکاریی فراوان بوونەوە، لەوانەش توندوتیژیی سێکسیی سیستماتیک و لەدەستدانی کەسوکارو بەخێوکارەکانیان(United Nations, 1999, pp. 6–10).

لەم سیاقەدا، پرۆسەی بونیادنانی ئاشتی تەنها ڕێککەوتنێکی سیاسی نەبوو،بەڵکو پرۆژەیەکی گشتگیر بوو بۆ دووبارە دامەزراندنەوەی کۆمەڵگەو دەوڵەت لە یەک کاتدا. لەم دوو خاڵەی خوارەوەدا باس لە ڕێڕەوی گواستنەوەی بەشداریی ژنان لە ئاستی کۆمەڵایەتییەوە بۆ ئاستی سیاسی و دامەزراوەیی دەکەین: یەکەم: لە ڕووی هاتنە ناوەوەیان بۆ ڕێڕەوی بونیادنانی ئاشتی، دووەم: لە ڕووی بەرزبوونەوەی نوێنەرایەتیی سیاسییان و ئەو هۆکارو چوارچێوانەی ئەم بەرزبوونەوەیەیان دروست کردووە.

**یەکەم: هاتنە ناوەوەی ژنان بۆ ڕێڕەوی بونیادنانی ئاشتی**

لە دوای جینۆساید، ژنان خۆیان لە پێگەیەکی ناوەندیدا لە ناو کۆمەڵگەدا بینییەوە، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو تێکچوونە دیمۆگرافییە جێندەرییە توندەی کە جەنگەکە جێی هێشتبوو، چونکە ژنان بووبوونە زۆرینەی دانیشتووان. ئەم واقیعە دووبارە دابەشکردنەوەی ڕۆڵە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی سەپاندو دەرفەتی بۆ ژنان ڕەخساند تاوەکو ڕۆڵی بێوێنە بگێڕن لە دووبارە ئاوەدانکردنەوە، چاودێریکردنی خێزانەکان و بونیادنانی تۆڕەکانی هاوپشتیی کۆمەڵایەتی.(UNDP, 2002, pp. 23–27)

ڕۆڵی ژنان سەرەتا لە کاری کۆمەڵایەتیی ناوخۆییدا دەرکەوت، بەتایبەتی لە پشتگیریکردنی قوربانیان، بەشداری لە بەرنامەکانی ئاشتەوایی و بەشداری لە میکانیزمەکانی دادپەروەریی ڕاگوزەر، وەک دادگاکانی)گاتشاتشا(Gacaca-، کە پشتی بە بەشداریی کۆمەڵایەتی بەستبوو بۆ چارەسەرکردنی تاوانەکانی جینۆساید (International IDEA, 2014, pp. 63–67). ئامادەیی ژنان لەم میکانیزمانەدا بەشدار بوو لە بەخشینی ڕەهەندێکی مرۆیی و کۆمەڵایەتی بە دادپەروەری وکەمکردنەوەی ئاراستەی تۆڵەسەندنەوەو بەهێزکردنی دەرفەتەکانی پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی.

**دووەم: نوێنەرایەتیی سیاسیی بەرزی ژنان: هۆکار و چوارچێوە**

بەرزبوونەوەی نائاسایی ڕێژەی نوێنەرایەتیی ژنان لە پەرلەمانی ڕواندا یەکێکە لە دیارترین خاسیەتەکانی قۆناغی دوای ململانێ، چونکە ئەم ڕێژەیە لە ٦٠٪ تێپەڕی، کە بەرزترین ڕێژەیە لەسەر ئاستی جیهان. ناکرێت ئەم بەرزبوونەوەیە تەنها وەک ئەنجامی هۆشیارییەکی جێندەریی ڕووت لێک بدرێتەوە، بەڵکو بەرهەمی کارلێکی کۆمەڵێک فاکتەری بنیاتی و سیاسییە(IPU, 2020)، لەوانەش:

سەرکردایەتی سیاسی ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی گێڕا لە گرتنەبەری سیاسەتی تێکەڵکردنی ژنان، وەک بەشێک لە پرۆژەی دووبارە بونیادنانەوەی دەوڵەت و بەهێزکردنی شەرعییەتەکەی دوای جینۆساید.یەکسانیی جێندەری لە دەستووردا جێگیر کراو میکانیزمی یاسایی ڕوون پەیڕەو کرا، کە لە نێویاندا سیستەمی کۆتا (Quota) هەبوو، کە ڕێژەیەکی دیاریکراوی لە کورسییەکان تەرخان کرد بۆ ژنان.(UN Women, 2016, pp. 41–44)

ئەم نوێنەرایەتییە وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ پێویستییەکی پراکتیکی هات، لە سایەی کەمیی کادرە سیاسییە نێرینەکان بەهۆی جەنگەوە، ئەمەش دەرفەتی بۆ ژنان ڕەخساند تاوەکو بۆشاییەکی سیاسی و دامەزراوەیی فراوان پڕ بکەنەوە.

**لقی دووەم: بەرنامەکانی بەهێزکردنی ژن و ڕۆڵی لە ئاوەدانکردنەوە و ئاشتکردنەوەدا**

دوای کۆتاییهاتنی جینۆساید، ڕواندا چووە قۆناغی دوای ململانێ، کە بە ئاستەنگگەلێکی بێوێنە دەناسرایەوە، لەوانەش دووبارە بونیادنانەوەی دەوڵەت، بەدیهێنانی ئاشتەوایی نیشتمانی، تێکەڵکردنەوەی ملیۆنان ئاوارەو پەنابەرو چارەسەرکردنی میراتی جینۆساید لەسەر هەردوو ئاستی کۆمەڵایەتی و دەروونی (UNDP, 2002, pp. 23–27).لەم سیاقەدا، پرۆسەی بونیادنانی ئاشتی پرۆژەیەکی گشتگیر بوو بۆ دووبارە دامەزراندنەوەی کۆمەڵگە و دەوڵەت لە یەک کاتدا. لەم خاڵانەی خوارەوەدا باس لە پەیوەندیی نێوان بەهێزکردنی ژنان و بونیادنانی ئاشتییەکی بەردەوام دەکەین، بەو مانایەی کە بەشداریی ژنان تەنها بە زیادبوونی ژمارەیان لە دامەزراوەکاندا ناپێوڕێت، بەڵکو دەبێت لە ڕووی کاریگەریی واقیعیان لە ئاوەدانکردنەوە، ئاشتکردنەوە و گۆڕینی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیشەوە هەڵبسەنگێنرێت. لەم چوارچێوەیەدا، ئەزموونی ڕواندا وەک نموونەیەکی گرنگ باس دەکرێت، چونکە لە لایەکەوە ڕێژەی نوێنەرایەتیی ژنان تێیدا بەرزە، بەڵام لە لایەکی ترەوە بەربەستە کەلتووری و سیاسییەکان سنووری کاریگەریی ئەم


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12570]
- **Submission Date:** [8/6/2026], **Revised Date:** [8/6/2026], **Accepted Date:** [23/6/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

نوێنەرایەتییە دیاری دەکەن. بۆ ئەم مەبەستەش لەخوارەوە ئاماژە بەچەند خاڵێکی گرنگ دەدەین:

**یەکەم: کاریگەریی بەشداریی ژنان لەسەر بونیادنانی ئاشتییەکی بەردەوام**

بەشداریی فراوانی ژنان لە دامەزراوەکانی یاسادانان و جێبەجێکردندا بەشداربوو(هۆکاربوو) لەبەهێزکردنی سەقامگیریی سیاسی، پاڵپشتیکردنی سیاسەتەکانی ئاشتەوایی نیشتمانی و دووبارە بونیادنانەوەی متمانەی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە. هەروەها ژنان ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕا لە ئاراستەکردنی سیاسەتە کۆمەڵایەتییەکان بەرەو پرسەکانی پەروەردە، تەندروستی و چاودێریکردنی ئەو خێزانانەی بەهۆی جینۆسایدەوە زیانیان بەرکەوتووە، کە ئەمانە ڕەگەزی بنەڕەتین لە بونیادنانی ئاشتیی ئەرێنیدا (UN Women, 2020, pp. 18–22).

ئەم سەرکەوتنە چەندایەتییە (ژمارەییە) پرسیارگەلێکی ڕەخنەیی دەربارەی ئاستی وەرچەرخانی بۆ بەهێزکردنێکی سیاسیی جۆریی دەوروژێنێت. سەرەڕای ئامادەیی زۆری ژنان لە ڕووی ژمارەوە، توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە مەودای سەربەخۆیی سیاسی بە سنوورداری ماوەتەوە، لە سایەی سیستەمێکی سیاسیی زۆر مەرکەزیدا، ئەمەش وایکردووە بەشداریی ژنان، لە هەندێک لایەنیدا، زیاتر بەشێک بێت لە پڕۆژەی دەوڵەت نەک گوزارشت بێت لە وەرچەرخانێکی بنیادی سەربەخۆ لە پەیوەندییەکانی دەسەڵاتدا.(Buckley-Zistel, 2009, pp. 31–45)

لێرەوە دەتوانرێت بوترێت ئەزموونی ڕواندا مۆدێلێکی فرە ڕەهەند بۆ بەشداریی ژنان لە بونیادنانی ئاشتیدا نیشان دەدات: مۆدێلێک کە دەستکەوتی بەرجەستەی لە دووبارە بەدەستهێنانەوەی سەقامگیری و دووبارە بنیادنانەوەی کۆمەڵگەدا بەدەستهێناوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئاریشەی پەیوەندی نێوان نوێنەرایەتیی سیاسیی بەرزو ئاشتیی بەردەوام دەخاتە ڕوو، جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەردەوامی تەنها بە نوێنەرایەتیی ژمارەیی بەدی نایەت، بەڵکو بەو ئاستە دەبێت کە ئەم نوێنەرایەتییە توانای کاریگەریی ڕاستەقینەی لەسەر پێکهاتەی دەسەڵات و بڕیاردان هەبێت.

**دووەم: ئەزموونی ڕواندا، سیاسەتی ژمارەکان و بەربەستە کەلتوورییەکان**

ئەزموونی ڕواندا، بەتایبەت لە قۆناغی دوای جینۆسایدەکەی ساڵی١٩٩٤، وەک یەکێک لە دیارترین نموونەکان لە ئەدەبیاتی ژنان و بونیادنانی ئاشتیدا سەیر دەکرێت. لەو قۆناغەدا ژنان ڕۆڵێکی جەوهەرییان لە پرۆسەکانی ئاشتەوایی نیشتمانی، ئاوەدانکردنەوە و بونیادنانەوەی دامەزراوەکاندا گێڕا، چ لە ئاستی کۆمەڵگەی مەدەنی و چ لە ڕێگەی بەشداریکردنیان لە کایەکانی حوکمڕانیدا. توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە سیاقی کارەساتباری جینۆسایدەکە پاڵنەر بووە بۆ دووبارە داڕشتنەوەی ڕۆڵی ژنان، بەجۆرێک دەوڵەتی ناچار کردووە لە پڕۆژەکانی ئاشتیدا وەک بکەرێکی کارا و سەرەکی - نەک تەنها وەک قوربانی مامەڵەیان لەگەڵ بکات (UN Women, n.d.)بەدەر لەمە، ئەم سەرکەوتنە ڕێژەییە بێبەش نییە لە شکتسی بونیادی. سەرەڕای بەرزبوونەوەی بەرچاوی ڕێژەی نوێنەرایەتیی ژنان لە پەرلەمانی ڕواندا، ئەدەبیاتی ڕەخنەیی ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم نوێنەرایەتییە لە هەندێک کاتدا پەیوەست بووە بەوەی پێی دەوترێت (سیاسەتی ژمارەکان)، کە تیایدا گرنگی بە ڕێژە ڕووکەشییەکان دراوە زیاتر لەوەی گرنگی بە هەڵوەشاندنەوەی بونیادە پیاوسالارییەکانی ناو دامەزراوەکانی بڕیاردان بدرێت، بەهێزکردنی سیاسی، ئەگەر گۆڕانکاریی کەلتووریی قووڵی لەگەڵدا نەبێت، ڕەنگە ببێتە ئامرازێک بۆ جوانکاریی سیستەمەکە (Window Dressing) لەبری گۆڕینی.(Burnet, 2011, pp. 303–306, 314–318)

**سێیەم: ڕواندا و پارادۆکسی نوێنەرایەتیی ژنان**

ڕواندا زۆرجار وەک مۆدێلێکی سەرکەوتووی کۆتای جێندەری دەخرێتە ڕوو، چونکە یاساکان و دەستوور نوێنەرایەتییەکی ژنانیان مسۆگەر کردووە کە لە (٥٠٪) تێپەڕی کردووە لە پەرلەماندا (Bashingantahe of Council National)ئەمەش کاریگەریی ئەرێنی هەبوو لەسەر یاساکانی پەیوەست بە دادپەروەریی ڕاگوزەرو بونیادنانەوەی کۆمەڵایەتی، جگە لە بەشداریی ژنان لە میکانیزمەکانی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی، بەتایبەت لە دادگاکانی (گاتشاتشا) .(Huyse and Salter, 2017, p. 165)هەندێك پێیان وایە کە ئەم پێشکەوتنە ژمارەییە لەناو دەوڵەتێکی ناوەندیی بەهێزدا ئەنجام دراوە، کە تێیدا دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە چوارچێوەیەکی تەسکدا قەتیس ماوەتەوە، ئەمەش فرەیی سیاسیی ڕاستەقینە سنووردار دەکات و بەهێزکردنی ژنان دەکاتە پەیوەست دەکات بەو چوارچێوەی دەوڵەتیەی کە هەیە لە واقعدا (Huyse and Salter, 2017, pp. 54–56)لێرەوە دەردەکەوێت کە کۆتای ڕواندا لە دووبارە داڕشتنەوەی نوخبەی یاسادانانداندا سەرکەوتوو بوو، بەڵام مەرج نییە بووبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی قۆرخکاریی بڕیاری سیاسی لە ئاستە باڵاکانیدا.

سەبارەت بە ڕواندای دوای جینۆساید، سیستەمی پەروەردە دووبارە بونیادنرایەوە بۆ ئەوەی ببێتە ئامرازێکی سەرەکی لە چەسپاندنی ئاشتەوایی نیشتمانی و یەکسانیدا. چەمکەکانی ئاشتی، دادپەروەریی ڕاگوزەرو ڕۆڵی ژن لە دووبارە بونیادنانەوەدا خرانە ناو پرۆگرامەکانی خوێندنەوە، ئەمەش بەشداربوو لە گۆڕانکارییەکی پلەبەندی لە تێڕوانینە کۆمەڵایەتییەکاندا سەبارەت بە بەشداریی ژنان لە کایەی گشتیدا. توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم چاکسازییە مەعریفییە پاڵپشتی لە سیاسەتەکانی نوێنەرایەتیکردن کردو یارمەتیدەر بوو لە چەسپاندنی قبوڵکردنێکی فراوانی کۆمەڵایەتی بۆ ڕۆڵی ژن لە پەرلەمان و دامەزراوەکانی دەوڵەتدا (Huyse and Salter, 2017, pp. 41–44).

ئەمەش ئاماژەیە کە ئەزموونی ڕواندا ئەو تەواوکارییە پێویستە دەخاتەڕوو کە دەبێت لە نێوان چاکسازیی پرۆگرامەکانی خوێندن و سیاسەتەکانی نوێنەرایەتیکردندا هەبێت بۆ وەدیهێنانی ئاشتییەکی بەردەوام، چونکە کۆتای یاسایی بەبێ پاڵپشتییەکی مەعریفی و کەلتووری لە ئاستی ژمارەدا دەمێنێتەوە، و چاکسازیی پەروەردەییش بەبێ نوێنەرایەتیی کارا ناتوانێت بگۆڕێت بۆ دەسەڵاتی کردەیی. بەڵام لە هەمان کاتدا، ئەزموونەکە ئەوەش ئاشکرا دەکات کە ئەم تەواوکارییە، هەرچەندە پێویستە، بەتەنها بەس نییە، چونکە تا ئەو کاتەی بەهێزکردنی ژنان لەناو چوارچێوەیەکی دەوڵەتیی ناوەندگەرا و قۆرخکراودا دەمێنێتەوە، مەترسیی ئەوە هەیە کە لە ئاستی نوێنەرایەتیی فۆرماڵدا قەتیس بمێنێتەوە بەبێ ئەوەی بگاتە جومگە سەرەکییەکانی بڕیاری سیاسی. کەواتە، وانە سەرەکییەکەی ڕواندا بۆ ئەزموونەکانی تر ئەوەیە کە دادپەروەریی جێندەری دەبێت لە یەک کاتدا سێ ڕەهەند بگرێتەخۆ: نوێنەرایەتیی یاسایی، گۆڕانکاریی مەعریفی-کەلتووری، و دابەشکردنەوەی ڕاستەقینەی دەسەڵات لە

ئاستە باڵاکاندا. ئەگەرنا، سەرکەوتنی ژمارەیی دەبێتە لووتکەیەکی بەرز کە بناغەکەی هەر لەسەر هەژموونی نوخبەی کۆن دەمێنێتەوە.

**داخوازی چوارەم: نموونەی لێکۆڵینەوە لە ژنانی کورد**

ئەزموونی ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نموونەیەکی فرەڕەهەندە بۆ تێگەیشتن لە بەشداریی ژنان لە بونیادنانی ئاشتیدا، چونکە دۆخی ئەوان تەنها بە جیاکاری جێندەری ناوەستێت، بەڵکو بە نەتەوە، دەوڵەت، جەنگ،مەزهەب، باوکسالاری و سنووری فەزای سیاسییشەوە پەیوەستە. بۆ ئەم مەبەستە، ئەم داخوازییە دابەش دەکەین بۆ دوو لق، لقی یەکەم: ڕۆڵی ژنی کورد لە جووڵانەوە فێمەنیستی و کۆمەڵگای مەدەنیدا، لقی دووەم: بەشداریکردنی ژن لە دەستپێشخەری ئاشتی ناوخۆیی و سیاسەتە هەرێمییەکاندا.

**لقی یەکەم: ڕۆڵی ژنی کورد لە جووڵانەوە فێمەنیستی و کۆمەڵگای مەدەنیدا**

بەهۆی ئەوەی کە ئەزمونی ژنی کورد ئەزمونێکی دابەشبوی فرڕەهەندە، بۆیە ئەم لقە دابەش ئەکەین بەسەر ئەم چەند خاڵەی خوارەوەدا :

**یەکەم**: چەوسانەوەی لێکدراوی ژنی کورد لە نێوان ناسنامەی نەتەوەیی و جێندەریدا

گەلی کورد لە مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هاوچەرخدا نوێنەرایەتیی حاڵەتێکی بێوێنە دەکات، ئەویش بەهۆی دابەشبوونی جوگرافیی زۆرەملێی بەسەر چەند دەوڵەت-نەتەوەیەکدا (تورکیا، عێراق، سووریا و ئێران). ئەم دابەشبوونە بە شێوەیەکی ئاڵۆز ڕەنگی داوەتەوە لەسەر دۆخی ژنی کورد، کە خۆی لەبەردەم هەڵگرتنی دوو ناسنامەی تێهەڵکێشدا بینیوەتەوە: ناسنامەیەکی نەتەوەیی کوردی لە لایەک و ناسنامەیەکی نیشتمانیی سەپێنراو بە حوکمی ئەو دەوڵەتەی تێیدا دەژی لە لایەکی ترەوە. ئەم تێهەڵکێشبوونە تەنها وەسفێکی کەلتووری نەبوو، بەڵکو چوارچێوەیەکی بنیادی بوو بۆ ئەزموونێکی فێمەنیستی تایبەت، کە تێیدا چەندین شێوازی چەوسانەوە یەکتریان تێکهەڵکێش بوون: چەوسانەوەی نەتەوەیی، سیاسی و جێندەری. ئەدەبیاتی فێمەنیستی ڕەخنەیی، بەتایبەتی فێمەنیزمی فرەڕەهەند(Intersectionality)(أحمد، 2021، ص. 188–190) ڕەخنە لەو دیدگایانە دەگرێت کە ژنان لە سیاقی ململانێکاندا تەنها لە ڕۆڵی (قوربانیی نەرێنی) (Karlshochschule International University, n.d.)دا کورت دەکەنەوە. جەخت لەوە دەکاتەوە کە تێگەیشتن لە ئەزموونی ژنان لە جەنگ و بونیادنانی ئاشتیدا تەنها لە ڕێگەی شیکردنەوەی کارلێکی جێندەر لەگەڵ ڕەگەز/نەتەوە، چین و پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازیدا دەبێت. لەم سیاقەدا، ئەزموونی کوردی مۆدێلێکی دەوڵەمەند پێشکەش دەکات، چونکە ژنی کورد تەنها وەرگری ئەنجامی ململانێ چەکدارییەکان نەبووە، بەڵکو بکەرێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بووە کە بە ئاستی جیاواز بەشداریی کردووە لە بەرگریکردن دژی توندوتیژی، دووبارە بونیادنانەوەی شانەی کۆمەڵایەتی و لە هەندێک حاڵەتیشدا لە وتوێژی سیاسیدا، بەڵام قسەکردن دەربارەی ڕۆڵی ژنانی کورد، ناتوانێت یەکگرتوو یان گشتگیر بێت، چونکە سیاقە سیاسی، یاسایی و کۆمەڵایەتییەکان لەنێوان عێراق، تورکیا، ئێران و سووریادا جیاوازیی ڕیشەییان هەیە. لە کاتێکدا چوارچێوەی نیمچە فیدراڵی لە هەرێمی کوردستانی عێراق فەزای نوێنەرایەتیی فەرمیی بۆ ژنان ڕەخساندووە، دەوڵەتی تورکیا کۆتوبەندێکی ئەمنیی توندی سەپاندووە

کە وای لە ژنانی کورد کردووە شێوازێکی ڕێکخستنی فێمەنیستی سەربەخۆ لە ناو بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی چەکداری و سیاسی لە یەک کاتدا پەرە پێ بدەن، لە بەرامبەریشدا جەنگی سووریا بۆشاییەکی دەسەڵاتی دروست کرد کە بووە هۆی دووبارە داڕشتنەوەی زۆرەملێی ڕۆڵی ژنانی کورد لە ڕێگەی ئاوارەیی، ئابووری و حوکمڕانیی ناوخۆییەوە (Begikhani et al., 2018, pp. 5–18).

**دووەم**: جیاوازیی نێوان دەرکەوتنی مێژوویی ژنان و بزووتنەوەی فێمەنیستی ڕێکخراو

بۆ ئەوەی ئەم ئەزموونە هاوچەرخە باشتر تێبگەین، پێویستە جیاوازی لە نێوان دەرکەوتنی مێژوویی ژنان لە پێگەی سەرکردایەتی و بوونی بزووتنەوەیەکی فێمەنیستی ڕێکخراودا بکرێت. لە مێژووی کوردیدا، هەرچەندە نموونەی ژنانی کاریگەر، خاوەن دەسەڵات و بەشداریی سیاسی دەبینرێت، بەڵام ئەمە بە تەنها واتای بوونی بزووتنەوەیەکی فێمەنیستی زانستی و سەربەخۆ نییە. بزووتنەوەی فێمەنیستی، بە مانای زانستیی وشەکە، واتە ڕەوتێکی ڕێکخراو، بەردەوام و سەربەخۆ کە بەرگری لە ماف و ئازادییەکانی ژنان بکات و داوای یەکسانیی ژن و پیاو لە ئاستی یاسایی، سیاسی و کۆمەڵایەتی بکات)(عیاد، 2020، ص. 88–139)). ئەم شێوازە لە قۆناغە مێژووییە کۆنەکانی کوردستاندا بە مانای تەواو نەبووە، بەڵکو زیاتر دەرکەوتنی چەند ڕەوت، ئاراستەی فکری و نموونەی تاکەکەسی بووە.

لە پاشخانی مێژوویی کوردستاندا، شەرەفخانی بەدلیسی لە کتێبە بەناوبانگەکەی (شەرەفنامە) (البدليسي، 1953)دا ئاماژە بە کۆمەڵێک ژنی سەرکردە دەکات کە لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا، بەتایبەت لە سەدەی حەڤدەیەمدا، ڕۆڵی سیاسییان گێڕاوە و سەرکردایەتیی کۆمەڵگای سیاسیی کوردیان گرتۆتە ئەستۆ(بدلیسی، 2006، ل. 93).

هەندێک گێڕانەوەی مێژوویی و گەشتنامە ئەوروپییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ژنی کورد لە قۆناغگەلێکی دیاریکراودا، خاوەنی مەودایەکی فراوانتری جووڵە بووە بە بەراورد بە هاوتاکانی لە کۆمەڵگە دراوسێکاندا. بەڵام توێژینەوە نوێیەکان (Tejel, 2009, p. 23)هۆشداری دەدەن لە ڕۆمانتیککردنی (Romanticizing) لەڕادەبەدەری ئەم وێنەیە، چونکە دەرکەوتنی هەندێک ژن لە پێگەی سەرکردایەتیی مێژووییدا زۆرجار پەیوەست بووە بە بنیاتە دەرەبەگایەتی و خێڵەکییەکان و پەیوەندیی خزمایەتیی سیاسی، نەک بەهۆی ڕەخساندنی کایەی گشتی بۆ هەموو ژنان (Yuksel, 2006, pp. 778–779).

نوسەر (سوزان السر واتکنز) سەرنجی لەسەر نمونەی مێژوویی ڕۆڵی ژنان داوە و دەڵێت "مێژوو نمونەی چەندین ژنمان دەداتێ کە خاوەنی هێزو ئازایەتی و لێهاتووی نائاسایی بوون، چەندین ژنانی ئیمپراتۆرو شاژنی بەناوبانگ و ژنە جەنگاوەری ئازاو ژنە هونەرمەند هەن بەڵام ڕیزپەڕی(الإستثناء) تاکە کەسی بوون نەیانتوانیوە کاریگەرییان هەبێت و بارودۆخی زۆرینەی ڕەهای ژنانی سەرکوتکراو چاك بکەن، لەبەر ئەوە بزوتنەوەی فێمەنیستی بەم نمونانە دەست پێناکات بەڵکو کاتێك ژنان بە هۆشیارییەوە دەست دەکەن بە ڕێکخستنی خۆیان لەئاستێکی بەرفراوان و کاریگەرداو بەڕادەیەکی پێویست بۆ چاککردنی پێگەکەیان" (Watkins, 2005, p. 16)

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12570]
- **Submission Date:** [8/6/2026], **Revised Date:** [8/6/2026], **Accepted Date:** [23/6/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و کەلتووری، ژنی کورد هاوشێوەی ژنانی ناوچەکە لە ژێر سایەی سیستەمە باوک سالارییەکاندا بووە کە دەرفەتی پەروەردەو بەشداریی سیاسیی لێ زەوت کردووەو دابەشکارییەکی توندی کار لەسەر بنەمای جێندەر چەسپاندووە. سەرەڕای ئەوەش، ژنان (بەتایبەتی لە گوندەکاندا) ڕۆڵێکی ئابووریی تەوەرەییان لە کشتوکاڵ، ئاژەڵداری و دروێنەکردندا گێڕاوە، ئەمەش ئەو ناکۆکییە نیشان دەدات کە لەنێوان پەراوێزخستنی ڕەمزی و بەشداریی پراکتیکیی ڕاستەقینەدا هەبووە(مجلة قلمون، 2017، ص. 210–214) .

**سێیەم**: دەوڵەت ـ نەتەوە و قۆناغی نوێی چەوسانەوەی ژنی کورد لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەت ـ نەتەوەی هاوچەرخدا، ژنی کورد چووە قۆناغێکی نوێی چەوسانەوەی لێکدراو؛ چەوسانەوەیەک کە تەنها لە بنەمای جێندەرەوە نەبوو، بەڵکو لەگەڵ ناسنامەی نەتەوەیی، دەسەڵاتی ناوەندی، سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەیی، بونیادە باوکسالارییەکان و سنووردارکردنی فەزای سیاسی تێکەڵ بوو. بەم پێیە، دۆخی ژنی کورد لە تورکیا، عێراق، سووریا و ئێران هەرچەندە خاڵی هاوبەشی هەیە، بەڵام لە هەر وڵاتێکدا بە شێوەیەکی تایبەت دەرکەوتووە.

1. لە تورکیا، دەوڵەت لە دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە سیاسەتی بەهێزی یەکسانسازیی نەتەوەیی و (بەتورک کردن)ی پەیڕەو کرد، کە زمان، کەلتوور و ناسنامەی کوردی کردبووە ئامانج (Zeydanlıoğlu, 2012, p. 105). ئەم سیاسەتە ژنی کوردی خستە ژێر دوو جۆر پەراوێزخستن: لە لایەکەوە وەک ئەندامێکی نەتەوەیەکی نکۆڵیکراوو لە لایەکی ترەوە وەک ژنێک لەناو بونیادێکی کۆمەڵایەتیی باوکسالاردا (Çağlayan, 2020, p. 59). بۆیە ڕێکخستنی ژنانی کورد لە تورکیا زۆرجار لەنێوان خەباتی نەتەوەیی، خەباتی سیاسی و داواکارییە جێندەرییەکاندا شێوەی گرت (Al-Ali and Tas, 2018, pp. 453–473)، واتە پرسی ژن لەوێ تەنها پرسی یەکسانیی ژن و پیاو نەبوو، بەڵکو بەشێک بوو لە پرسی ناسنامە، زمان، مافە کۆمەڵایەتییەکان و بەشداریی سیاسی.
2. لە عێراق، ژنی کورد بە تایبەتی پێش ڕوخانی دەسەڵاتی ناوەندی، لە ژێر کاریگەریی دوو جۆر فشاردا بوو: فشارێکی سیاسی ـ نەتەوەیی کە لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە سەپێنرا، هەروەها فشارێکی کۆمەڵایەتی کە لە بونیادە خێڵەکی و باوکسالارییەکانەوە سەرچاوەی دەگرت. کارەساتی ئەنفال، کیمیابارانی هەڵەبجە، ئاوارەبوون و لەدەستدانی پیاوانی خێزانەکان، ژنانی کوردی خستە ژێر بارێکی قورس لە بەرپرسیاریی کۆمەڵایەتی و ئابووری .
3. لە سووریا، چەوسانەوەی ناوەندیی دەوڵەت لەگەڵ دەسەڵاتێکی ئەمنیی درێژخایەن تێکەڵ بوو، کە تێیدا ڕێکخستنی سیاسی، مەدەنی و فێمەنیستی بۆ ژنانی کورد تێچوویەکی قورسی هەبوو. بەڵام دوای جەنگی ناوخۆی سووریا و دروستبوونی بۆشایی دەسەڵات لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا، ژنانی کورد توانایان هەبوو شێوازێکی نوێی بەشداریی سیاسی و کۆمەڵایەتی پەرە پێ بدەن. لەم چوارچێوەیەدا، بەشداریی ژنان لە حوکمڕانیی ناوخۆیی، سیستەمی هاوسەرۆکایەتی، ڕێکخراوەکانی ژنان و هەندێکجار یەکە سەربازییەکان، بووە نموونەیەکی دیار لە گواستنەوەی ژن لە پەراوێزەوە بۆ ناوەندی کرداری سیاسی و کۆمەڵایەتی (Wartmann, 2024, pp. 658–680) ئەو چاکسازیانەی سەبارەت بە مافەکانی ژنان لە خۆرهەڵات و باکوری سوریا (ڕۆژئاوا) بەدیهاتن پشتی بەستوە بە تێزی یا تێروانینی (عبدالله ئۆجەلان) سەبارەت بە ژن کە ئەڵێت " بەبێ یەکسانیی جێندەری(ڕەگەزی)، هیچ داواکارییەک بۆ ئازادی و یەکسانی مانای نیە (Öcalan, 2013, p. 56)" لە هەمان کاتدا، ئەم ئەزموونە لە ئێستادا نابێت بە شێوەیەکی زۆر گەشبینانە بخوێندرێتەوە، چونکە جەنگ، هەڕەشەی دەوڵەتە ناوچەییەکان، هەژاری، ئاوارەبوون و بونیادە کۆمەڵایەتییە تەقلیدییەکان هەڕەشەیەکی گەورەیان لەسەر ئەم ئەزموونە دروست کردوە، چونکە گروپە دەستەڵاتدارەکانی ئێستای سوریا کە خاوەنی پاشخانێکی توندڕەون و هەڕەشەیەکی جدیین لەسەر ئەو دەستکەوتانەی ژنان لەم پارچەیەی کوردستان بەدەستیان هێناوە، دەتوانین بڵێین کە ژنان دوبارە لەم پارچەیە کەوتونەتەوە بەردەم دوو جۆر هەڕەشە، هەڕەشەیەکیان وەکو ئەندامی پێکهاتەیەکی نەتەوەیی جیاواز و دوەمیشیان بەهۆی پێناسی ژن بونیانەوە.
4. لە ئێرانیشدا، ژنی کورد ڕووبەڕووی شێوازێکی تایبەتی چەوسانەوەی لێکدراو بووەتەوە، چونکە فشارەکە تەنها بە سنووردارکردنی ناسنامەی نەتەوەیی و کەلتووریی کوردی کورت نابێتەوە، بەڵکو لەگەڵ بونیادی دەوڵەتێکی مەزهەبی ـ ئایدیۆلۆژی تێکەڵ دەبێت. لەم سیستەمەدا، پێگەی ژن بە شێوەیەکی گشتی لە چوارچێوەی تێگەیشتنێکی کۆنەپارێزانە، پیاوسالار و یاسایی ـ مەزهەبیدا دیاری دەکرێت. بۆیە ژنی کورد لە ئێران لە یەک کاتدا سێ جۆر فشار هەڵدەگرێت: فشارێکی نەتەوەیی بەهۆی کوردبوون، فشارێکی جێندەری بەهۆی ژنبوون و فشارێکی مەزهەبی ـ یاسایی بەهۆی ئەو سیستەمەی کە ئازادییەکانی ژنان بە شێوەیەکی سنووردار و چاودێریکراو پێناسە دەکات (Hassaniyan, 2024, pp. 167–184). لەم دۆخەدا، بەشداریی ژنانی کورد لە ئێران زیاتر لە شێوەی خۆڕاگریی کۆمەڵایەتی، چالاکیی مەدەنی، کەلتووری و مافخوازی دەردەکەوێت، نەک لە چوارچێوەی نوێنەرایەتیی فەرمی و دامەزراوەیی.

بەم شێوەیە، دەردەکەوێت کە ژنی کورد لە هەر چوار بەشی کوردستاندا ڕووبەڕووی چەوسانەوەیەکی یەکڕەهەند نەبووەتەوە، بەڵکو چەوسانەوەکە بە پێی شێوازی دەوڵەت، جۆری دەسەڵات، ئاستی فەزای سیاسی و بونیادە کۆمەڵایەتییەکان گۆڕاوە. ئەم جیاوازییانە نیشان دەدەن کە خوێندنەوەی ڕۆڵی ژنی کورد لە جووڵانەوە فێمەنیستی و کۆمەڵگای مەدەنییدا، پێویستی بە ڕوانگەیەکی فرەڕەهەند هەیە، ڕوانگەیەک کە جێندەر بە تەنها ناکرێتە بنەما، بەڵکو پەیوەندیی نێوان جێندەر، نەتەوە، دەسەڵاتی

ناوەندی، مەزهەب، جەنگ و پێکهاتەی کۆمەڵایەتییش لەبەرچاو دەگرێت.

هەروەها، ئەزموونی کورد ئەوەش نیشان دەدات کە بزووتنەوە نەتەوەییەکان لە یەک کاتدا دەتوانن ببنە سەکۆیەک بۆ بەهێزکردنی ژنان و کایەیەکیش بن بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی پلەبەندیی باوک سالاری(Begikhani et al., 2018, pp. 16–18).

**لقی دووەم: بەشداریکردنی ژن لە دەستپێشخەری ئاشتی ناوخۆیی و سیاسەتە هەرێمییەکاندا**

لەم لقەدا تەنها باس لە رۆڵی ژن لە هەرسێ پارچەی کوردستان(عیراق، تورکیا و سوریا) ئەکەین چونکە تا ئێستا لە ئێران دۆخی ژنان هیچ گۆرانکارییەکی بەخۆیەوە نەبینیوە ئەویش بەهۆی ئەو دۆخە گشتییەی کە لە ئێران زاڵە تا ئێستاش، هەروەک لە لقی یەکەمدا ئاماژەمان پێدا.

**یەکەم: رۆڵی ژنانی کورد لە عێراق**

رۆڵی ژنانی کورد لە عێراق دەتوانرێت لە دوو قۆناغدا بخوێندرێتەوە. **قۆناغی یەکەم** دوای راپەرینی ساڵی (١٩٩١) دەست پێدەکات، کاتێک فەزایەکی سیاسیی نوێ لە هەرێمی کوردستان دروست بوو و دواتر هەڵبژاردنی ساڵی (١٩٩٢) بووە بنەمای دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان (Kurdistan Parliament, n.d.).ئەم قۆناغە هەرچەندە بە مانای بەشداریی یەکسانی ژنان لە بڕیاردان نەبوو، بەڵام دەرگایەکی نوێی بۆ ژنان و رێکخراوە مەدەنییەکان کردەوە، بەتایبەتی لە بوارەکانی هۆشیارکردنەوەی مافەکان، بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی و داواکاریی چاکسازیی یاسایی و دروستکردنی رێکخراوەکانی تایبەت بە یەکسانی جێندەریی (Kaya, 2016).لە قۆناغی شەڕی ناوخۆ کە لەنێوان هەردوو هێزە سەرەکیەکەی کوردستان(یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان) دروست بوو لە ساڵی(١٩٩٤) ژنا رێپێوانی مەدەنیانەیان بۆ وەستاندنی شەڕی ناوخۆئەنجامدا. لەو رووداوەدا، کۆمەڵێک ژن بە دەستپێشخەریی یەکێتی ژنانی کوردستان لە سلێمانییەوە بەرەو هەولێر رێپێوانیان کرد و لە بەردەم پەرلەمانی هەرێمی کوردستان داوای وەستاندنی شەڕ و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بە گفتوگۆ و دانوستانیان کرد. ئەم رێپێوانە نیشانەیەکی گرنگە بۆ ئەوەی بەشداریی ژنان لە ئاشتی تەنها لە چوارچێوەی کاری خێرخوازی یان کۆمەڵایەتیدا قەتیس نەبووە، بەڵکو لە ساتێکی چارەنووسسازدا گۆڕاوە بۆ فشارێکی جەماوەری و سیاسی بۆ راگرتنی شەڕی براکوژی و پاراستنی ئەزموونی سیاسیی هەرێم)(رۆستەم، 2022)

**قۆناغی دووەم** دوای ساڵی (٢٠٠٣) دەست پێدەکات، کاتێک رووخانی رژێمی پێشووی عێراق و دارشتنەوەی سیستەمی سیاسیی نوێ لەم قۆناغەدا دەستوری نوێی عیراق نوسرایەوەو ئیتر بەشێك لە مافەکانی ژن لە دەستوردا جێ کرانەوە. ئەم دەستورە رێژەی ژنان لە ئەنجومەنی نوێنەران بە کەمتر لە چارەکی ئەندامان قبوڵ ناکات.(دستور جمهورية العراق، 2005، المادة 49) لە هەرێمی کوردستانیشدا کۆتا گەیشتە (٣٠٪)ی کورسییەکانی پەرلەمان، کە ئەمە لە رووی ژمارەییەوە پێشکەوتنێکی گرنگە.(الزيدي وسعيد، 2021، ص. 3) بەڵام ئەم پێشکەوتنە بە تەنها زامنی کاریگەریی واقعی نەبوو، چونکە بەشداریی ژنان هێشتا لەژێر کاریگەریی حیزبایەتی، کەلتووری باوکسالار و کەمیی بوونیان لە پۆستە باڵاکانی بڕیاردانا ماوەتەوە وە هێشتا هەڵبژاردنی ژنان بۆ پۆست و پێگەکان لە ژێردەستی حزبە سیاسیەکانە کە زیاتر وابەستەیی حزبی پێوەرە نەك توانای ژن وەکو خۆی (Bagheri, 2022, p. 624)بۆیە گرنگە جیاوازی بکرێت لەنێوان بوونی ژنان لە دامەزراوەکاندا و توانایان بۆ کاریگەری لە دارشتنی سیاسەت و بونیادنانی ئاشتی. بەگشتی دەتوانرێت بوترێت کە دۆخی ژنان لە هەرێمی کوردستان ئەگەر بەراورد بکرێت بە دۆخی ژنان لە بەشەکانی تری عیراق ئەوا دۆخێکی باشترە بەڵام هێشتا ماوە بڵێین ژنان ببنە بکەرێکی سیاسی چالاك لەبواری بنیادنان و بەردەوامکردنی ئاشتی.(Kaya, 2016)

**دووەم: رۆڵی ژنانی کورد لە تورکیا (رزگاریی دووسەرەو گواستنەوە بۆ وتوێژی سیاسی)**

ئەزموونی تورکیا لە رووی پەیوەندیی نێوان فێمەنیزمی کوردی و بونیادنانی ئاشتییەوە بە ئەزموونێکی زۆر ئاڵۆز هەژمار دەکرێت، ئەوەش بەهۆی مێژوویەکی درێژی ململانێی چەکداری و سیاسەتەکانی نکوڵیکردن لە نەتەوە(Yuksel, 2006, pp. 777–778). گرنگیی ئەم ئەزموونە لەوەدایە کە تێیدا چەمکی (رزگاریی دووسەرە - Dual liberation) دەردەکەوێت، واتە بەیەکەوەبەستنی رزگاریی نەتەوەیی و رزگاریی جێندەری وەک دوو پرۆژەی لێکنەبڕاو. ئەم تێڕوانینە لە بنەماکانی )زانستی ژن - Jineolojî) دا رەنگ دەداتەوە، کە لەلایەن عەبدوڵا ئۆجەلانەوە دارێژراوە و رزگاریی ژن دەخاتە ناوەندی تیۆرەکەیەوە، بەو پێیەی هەرسێ سەرچاوەی چەوسانەوەی ژن — ئاینە تاکخوداییەکان، دەوڵەتی نەتەوە و سەرمایەداری — بە یەکجار دەخاتە بەر رەخنە(Al-Ali and Tas, 2017; Jineology, 2016, pp. 185–198) .

لەگەڵ هەڵگیرسانی ململانێی نێوان دەوڵەتی تورکیا و پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) لە هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە، بەشداریی ژنان لە کایەی کۆمەڵایەتییەوە گواسترایەوە بۆ رێکخستنی سیاسی و پاشان بۆ کاری چەکداری، لە رێرەوێکدا کە دووبارە پێناسەی «بکەری فێمەنیستی» لە ناو بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا کردەوە (Merdjanova, 2021, pp. 185–187).ئەم گواستنەوەیە لەگەڵ گۆڕانێکی ئایدیۆلۆژیی فراوانتردا هاوتەریب بوو، کە تێیدا بزووتنەوەکە لە جەختکردنەوە لەسەر رزگاریی نەتەوەییەوە بەرەو پرۆژەی دیموکراسیی رادیکاڵ گواسترایەوە کە یەکسانیی جێندەری لە ناوەندیدایە. لەم چوارچێوەیەدا، دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» — کە یەکەم جار لە ٨ی ئاداری ٢٠٠٦دا لەلایەن ژنانی کوردەوە لە شارەکانی تورکیا هاوار کرا — بووە نیشانەی ئەم پەیوەندییە نێوان رزگاریی نەتەوەیی و جێندەری(Gupta, 2023).

بۆ ئەم مەبەستە گرنگە ئاماژە بە رۆڵی (پەروین بوڵدان) (Kurdsat News, 2025)بکەین، وەک وەرچەرخانێکی جۆریی لە بەشداریی رێکخراوەییەوە بۆ کاریگەریی راستەقینە لە رێڕەوەکانی ئاشتی و وتوێژدا. بوڵدان ئەندامی (شاندی ئیمرالی) یە — ئەو شاندەی کە لە مێژووددا رۆڵی نوێنەرایەتیی گفتوگۆی لەگەڵ عەبدوڵا ئۆجەلاندا گێڕاوە — هەم لە (پرۆسەی چارەسەری) (٢٠١٢–٢٠١٥) و هەم لە پرۆسە نوێیەکەی دوای ٢٠٢٤. گرنگیی ئەم رۆڵە لەوەدایە کە یەکێک لە مەرجە بنەڕەتییەکانی تیۆریی فێمەنیزم و بونیادنانی ئاشتی بەدی دەهێنێت، ئەویش گواستنەوەیە لە نوێنەرایەتیی رەمزییەوە بۆ کاریگەریدروستکردن لەسەر خودی ئەجێنداکانی وتوێژ و دانوستان(Begikhani et al., 2018, pp. 18–20) .


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12570]
- **Submission Date:** [8/6/2026], **Revised Date:** [8/6/2026], **Accepted Date:** [23/6/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

ئەم ڕۆڵە لە پرۆسەی نوێی دوای (٢٠٢٤)دا ڕوونتر دەردەکەوێت، کاتێک لە ٢٨ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤دا بوڵدان لەگەڵ سری سورەیا ئۆندەردا سەردانی دوورگەی ئیمرالییان کرد و گفتوگۆیان لەگەڵ ئۆجەلاندا ئەنجام دا، پاشان لە ٢٧ی شوباتی ٢٠٢٥دا پەیامی ئۆجەلانیان گەیاند کە بانگەوازی دانانی چەک و هەڵوەشاندنەوەی پارتی کرێکارانی کوردستانی تێدابوو، کە دواتر پارتەکە ئاگربەستی ڕایگەیاند. هەروەها بوڵدان ئەرکی ڕاستەوخۆی گفتوگۆی لەگەڵ سەرۆک ئەردۆغاندا گرتە ئەستۆ و ئێستا پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی تورکیای هەیە (Turkish Minute, 2025).بەڕای ئێمە، ئەم ئەزموونە دەریدەخات کە ژنانی کورد لە تورکیا توانیویانە لە ئاستی (بکەری ناوبژیوان)ەوە بەرز ببنەوە بۆ ئاستی (بەشدار لە داڕشتنی ئەجێندا)، بەڵام بەردەوامیی ئەم کاریگەرییە هێشتا بەستراوەتەوە بە سەرکەوتنی خودی پرۆسەی ئاشتییەکە و گۆڕانی چوارچێوە یاسایی و دەستوورییەکان، واتە تاکو ئەو کاتەی ئەم ڕۆڵە ناوبژیوانییە نەگۆڕێت بۆ نوێنەرایەتییەکی دامەزراوەیی و پابەندکار، مەترسیی ئەوەی لەسەرە کە لەگەڵ هەر پاشەکشەیەکی پرۆسەکەدا کاریگەرییەکەش لاواز بێتەوە.

**سێیەم: ڕۆڵی ژنانی کورد لە سووریا (جەنگ وەک سەپێنەرێکی بنیاتی بۆ دووبارە داڕشتنەوەی ڕۆڵەکان)**

لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی سووریا، ژنانی کورد چوونە ناو فەزاکانی ناڕەزایەتی و ڕێکخستنی نوێوە، بەڵام قووڵترین کاریگەریی جەنگەکە بریتی بوو لە گۆڕینی زۆرەملێی ڕۆڵە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لە ئەنجامی ئاوارەیی و لەدەستدانی بەخێوکارەکان.(Begikhani et al., 2018, pp. 18–20)

هاوتەریب لەگەڵ ئەمەشدا، ڕێکخراوە فێمەنیستی و مەدەنییەکان سەریان هەڵدا کە لەبوارەکانی فریاگوزاری، بونیادنانی تواناکان، بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی جێندەری و بەشداری لە حوکمڕانیی ناوخۆییدا کاریان دەکرد (Feminist and Women’s Organisations in Syria, n.d., pp. 6–10).لە نموونە دیارەکانی ئەم وەرچەرخانە دامەزراوەییە، (ماڵی ژن- ماڵا ژن) بوون کە لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا وەک فەزایەکی تایبەت بۆ پشتیوانی، ڕاوێژ، چارەسەری کێشە خێزانییەکان و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی جێندەری دەرکەوتن (JINHA, 2023).گرنگیی ئەم دامەزراوانە تەنها لەوەدا نییە کە خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی پێشکەش دەکەن، بەڵکو لەوەدایە کە ڕۆڵی ژن لە خانەی قوربانیی جەنگەوە دەگوازنەوە بۆ پێگەی بکەرێکی ناوخۆیی لەئاشتەوایی و بەڕێوەبردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا. بەم مانایە (ماڵی ژن) دەبێتە میکانیزمێکی ناوخۆیی بۆ وەرگێڕانی هۆشیاریی فێمەنیستی بۆ کاری ڕۆژانەی ئاشتیسازی و بونیادنانەوەی کۆمەڵگە. بەڵام ئەم ئەزموونەش هەمان سنووردارییەکانی هەیە، چونکە بەردەوامبوونی بەستراوە بە سەقامگیریی سیاسی، دابینکردنی سەرچاوە و پاراستنی ئەو فەزایەی کە لە قۆناغی جەنگدا دروست بووە.

بەڵام ئەدەبیاتی فێمەنیستی هۆشداری دەدەن لەوەی ئەم وەرچەرخانانە تەنها وەک ڕزگارییەکی ڕەها لێک بدرێنەوە، چونکە جەنگەکە باجێکی مرۆیی گرانی سەپاند و بەردەوامیی دەستکەوتەکانی بەستەوە بە بارودۆخێکی سیاسی و ئەمنیی هەستیارەوە.(Begikhani et al., 2018, pp. 13–15)

**لقی سێیەم: بەراوردکاری هەر سێ ئەزمونەکە**

بۆ ئەوەی بەراوردکردنی ئەزموونەکانی ئیرلەندای باکوور، ڕواندا و ژنانی کورد بە شێوەیەکی دروست ئەنجام بدرێت، پێویستە ئەم سێ نموونەیە لەسەر بنەمای کۆمەڵێک پێوەری هاوبەش هەڵبسەنگێنرێن. ئەم پێوەرانە بریتین لە: سروشتی ململانێ، دەرگای هاتنە ناوەوەی ژنان بۆ پرۆسەی ئاشتی، شێوازی بەشدارییان، ئاستی دامەزراوەییکردن، کاریگەرییان لەسەر ئەجێندای ئاشتی، سنوور و بەربەستەکانی بەردەمیان، و پەیوەندیی نێوان بەشداریی ڕواڵەتی و کاریگەریی ڕاستەقینە. لەم ڕوانگەیەوە، هەر سێ ئەزموونەکە لە یەک کاتدا خاڵی هاوبەش و جیاوازیی بنەڕەتییان هەیە. بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم : لەیەکچونەکان**

1- هەر سێ ئەزموونەکە دەریدەخەن کە ژنان لە قۆناغەکانی ململانێ و دوای ململانێدا تەنها قوربانی نەبوون، بەڵکو بە شێوەی جیاواز بوونەتە بکەرێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی لە بنیادنانی ئاشتیدا. لە ئیرلەندای باکووردا، ژنان سەرەتا لە ڕێگەی دەسپێشخەرییە کۆمەڵایەتییەکان و کاری بنکەیی لە ناو کۆمەڵگە دابەشبووەکاندا دەرکەوتن، لە ڕوانداش ژنان دوای جینۆساید بوونە بەشێکی گرنگ لە دووبارە بونیادنانەوەی کۆمەڵگە، پشتیوانی قوربانیان، دادپەروەریی ڕاگوزەر و دامەزراوە حکومییەکان، لە ئەزموونی کوردیشدا ژنان لە هەردوو ئاستی کۆمەڵایەتی و سیاسی، و لە هەندێک بەشدا لە ناوبژیوانی، حوکمڕانیی ناوخۆیی، ڕێکخراوەکانی ژنان و دەسپێشخەریی ئاشتی ناوخۆییدا ڕۆڵیان گێڕاوە. ئەمە دەریدەخات کە ڕۆڵی ژنان لە بونیادنانی ئاشتی ڕۆڵێکی لاوەکی نییە، بەڵکو بەشێکە لە خودی پرۆسەی گواستنەوە لە توندوتیژییەوە بەرەو سەقامگیری.

2- بەشداریی ژنان سەرەتا زیاتر لە ئاستی کۆمەڵایەتی و نافەرمی دەردەکەوێت، پاشان هەندێک جار دەگوازرێتەوە بۆ ئاستی سیاسی و دامەزراوەیی. لە ئیرلەندای باکووردا ئەم گواستنەوەیە بە شێوەیەکی ڕوون لە دامەزراندنی هاوپەیمانیی ژنانی ئیرلەندای باکووردا دەرکەوت، کە ژنانی لە کاری کۆمەڵایەتی و چاڵاکیی بنکەییەوە بردنە ناو مێزی دانوستان. لە ڕواندا، گواستنەوەکە زیاتر لە ڕێگەی دەوڵەت، دەستور، کۆتا و دامەزراوەکانەوە ڕووی دا. لە ئەزموونی کوردیشدا گواستنەوەکە یەک ڕێڕەوی یەکگرتوو نییە، بەڵکو بە پێی هەر بەشێکی کوردستان شێوازی جیاوازی وەرگرتووە: لە عێراق بە شێوەی کۆتا، ڕێکخراوە مەدەنییەکان و دەسپێشخەرییەکانی وەستاندنی شەڕی ناوخۆ، لە تورکیا بە شێوەی بەشداریی سیاسی، ناوبژیوانی و پەیوەندی بە پرۆسەکانی وتوێژ؛ و لە سووریا بە شێوەی حوکمڕانیی ناوخۆیی، سیستەمی هاوسەرۆکایەتی و دامەزراوەکانی وەک ماڵی ژن.

3- هەر سێ ئەزموونەکە جیاوازی نێوان (بوونی ژنان) و (کاریگەریی ژنان) دەخەنە ڕوو. لە ئیرلەندای باکووردا، ژنان توانایان هەبوو لە قۆناغی دانوستاندا کاریگەری لەسەر ئەجێندای ئاشتی دروست بکەن، بەڵام دوای ڕێککەوتنەکە، دامەزراوە سیاسییە نەریتییەکان

دووباره زاڵ بوون و بەشداریی ژنان پاشەکشەی کرد. لە ڕواندا، ژمارەی ژنان لە پەرلەمان و دامەزراوەکاندا زۆر بەرز بوو، بەڵام ئەم بەرزییە ژمارەییە هەمیشە واتای سەربەخۆیی سیاسی و کاریگەریی قووڵ لەسەر هەموو جومگەکانی دەسەڵات نەبوو. لە ئەزموونی کوردیشدا، ژنان لە هەندێک شوێن و قۆناغدا پێشکەوتنیان کردووە، بەڵام کاریگەرییان بەهۆی حیزبایەتی، دەسەڵاتی ناوەندی، جەنگ، باوکسالاری و دابەشبوونی جوگرافیایی و سیاسیی کوردستان سنووردار ماوەتەوە.

**دووەم : جیاوازییەکان**

1- ململانێی ئیرلەندای باکوور ململانێیەکی ناسنامەیی، ئایینی و سیاسی بوو لە نێوان دوو پێکهاتەی سەرەکی: یەکێتیخوازەکان و نەتەوەخوازەکان. بۆیە ڕۆڵی ژنان لەوێدا زیاتر لە دروستکردنی پردی متمانە لە نێوان دوو کۆمەڵگەی دابەشبوو و فراوانکردنی ئەجێندای وتوێژدا دەرکەوت. ڕواندا، بە پێچەوانەوە، ئەزموونی دوای جینۆساید بوو، واتە کۆمەڵگە و دەوڵەت بە شێوەیەکی قووڵ تێکچووبوون و بونیادنانی ئاشتی پێویستی بە دووبارە بونیادنانەوەی دامەزراوە، دادپەروەریی ڕاگوزەر و ئاشتەوایی نیشتمانی هەبوو. ئەزموونی ژنانی کوردیش لە هەردوو ئەزموونەکە جیاوازە، چونکە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی یەکگرتوودا ڕوو نادات، بەڵکو لە کۆمەڵگایەکی دابەشبووی بێدەوڵەتدا دەردەکەوێت، کە تێیدا ژنان لە نێوان جێندەر، نەتەوە، دەوڵەت، جەنگ، مەزهەب، حیزبایەتی و باوکسالاریدا دەژین.

2- شێوازی دامەزراوەییکردنی بەشداریی ژنان: لە ئیرلەندای باکووردا، دامەزراوەییکردنەکە زیاتر بە شێوەی حزبێکی سیاسیی کاتی و پەیوەست بە پرۆسەی دانوستان بوو، واتە هاوپەیمانیی ژنان بۆ ساتی وتوێژ و کاریگەری لەسەر ڕێککەوتننامەکە زۆر گرنگ بوو، بەڵام دوای ئەوە نەیتوانی بە هەمان ئاست لە دامەزراوە سیاسییە هەمیشەییەکاندا بمێنێتەوە. لە ڕواندا، دامەزراوەییکردنەکە زۆر بەهێزتر و فەرمیتر بوو، چونکە لە دەستور، کۆتا و پەرلەماندا جێگیر کرا. بەڵام کێشەکە لەوەدا بوو کە ئەم دامەزراوەییکردنە لەناو سیستەمێکی سیاسیی ناوەندگەرا ڕوویدا. لە ئەزموونی کوردیشدا، دامەزراوەییکردنەکە ناهاوسەنگە، لە هەرێمی کوردستانی عێراق کۆتا و پەرلەمان هەیە، لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا سیستەمی هاوسەرۆکایەتی و ماڵی ژن هەیە، لە تورکیا نوێنەرایەتی سیاسی و ناوبژیوانی هەیە، بەڵام لە ئێران مەودای فەرمیی بەشداریی ژنان زۆر سنووردارە.

3- لە ڕووی کاریگەری لەسەر ئەجێندای ئاشتییەوە، ئەزموونی ئیرلەندای باکوور نیشان دەدات کە ژنان دەتوانن ئەجێندای ئاشتی لە سنووری دابەشکردنی دەسەڵات و ڕاگرتنی توندوتیژی بگوازنەوە بۆ پرسەکانی مافی قوربانیان، پەروەردە، تەندروستی، نیشتەجێبوون، یەکسانی و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی. لە ڕواندا، کاریگەری ژنان زیاتر لە ئاوەدانکردنەوە، پشتیوانی قوربانیان، دادپەروەریی ڕاگوزەر، چاکسازیی پەروەردە و نوێنەرایەتیی یاسادانانەدا دەرکەوت. لە ئەزموونی کوردیشدا، کاریگەری ژنان زیاتر لە بەرزکردنەوەی هۆشیاریی مافەکانی ژنان، بەشداری لە ناوبژیوانی و وەستاندنی شەڕی ناوخۆ، دروستکردنی میکانیزمە ناوخۆییەکانی ئاشتەوایی، و پێداگری لەسەر پەیوەندی نێوان ئازادیی نەتەوەیی و ئازادیی جێندەریدا دەردەکەوێت.

4- لە ڕووی سنوور و بەربەستەکانەوە، هەر سێ ئەزموونەکە ئەوە دەردەخەن کە بەشداریی ژنان بەبێ گۆڕینی پێکهاتەی دەسەڵات ناتوانێت بە کاریگەرییەکی بەردەوام بگات. لە ئیرلەندای باکووردا، پێکهاتەی دووبلۆکیی سیاسی و ئایینی و سیستەمی دابەشکردنی دەسەڵات شوێنی ئەو بکەرانەی کەم کردەوە کە لەسەر بنەمای جێندەر و ئاشتی ڕێکخرابوون. لە ڕواندا، ژمارەی زۆری ژنان لە دامەزراوەکاندا بە ئاستێکی بەرز دەرکەوت، بەڵام ناوەندگەریی سیاسی و سنووری فرەیی سیاسی کاریگەریی ئەم نوێنەرایەتییەی سنووردار کرد. لە ئەزموونی کوردیشدا، بەربەستەکان فرەڕەهەندن: دەوڵەتانی ناوەندی، جەنگ، هەڕەشەی ئەمنی، حیزبایەتی، باوکسالاری، هەژاری، ئاوارەبوون و سنوورداربوونی دامەزراوە فەرمییەکان.

لە ئەنجامی ئەم بەراوردکارییەدا دەتوانرێت بڵێین کە هیچ یەک لەم سێ ئەزموونەکە مۆدێلێکی تەواو و بێ کێشە نییە. ئیرلەندای باکوور سەرکەوتنی ژنان لە گواستنەوە بۆ مێزی دانوستان نیشان دەدات، بەڵام سنووری بەردەوامیی ئەم کاریگەرییە لە قۆناغی دوای ڕێککەوتن ئاشکرا دەکات. ڕواندا سەرکەوتنی بەدامەزراوەییکردنی ژنانی نیشان دەدات، بەڵام هاوکات کێشەی ئەوە دەردەخات کە نوێنەرایەتیی ژمارەیی بەبێ دابەشکردنەوەی واقعیی دەسەڵات بەس نییە. ئەزموونی ژنانی کوردیش توانای ژنان بۆ خۆڕێکخستن، ناوبژیوانی، حوکمڕانیی ناوخۆیی و بەرەنگاربوونەوەی چەوسانەوەی فرەڕەهەند نیشان دەدات، بەڵام سنوورەکانی دۆخی بێدەوڵەتی، دابەشبوونی سیاسی و جەنگیش دەخاتە ڕوو.

## 8. دەرەنجامی توێژینەوە

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەدا دەتوانین بڵێین کە:

1. بەشداریی ژنان لە بونیادنانی ئاشتیدا بابەتێکی لاوەکی یان تەواوکاری نییە، بەڵکو یەکێکە لە مەرجە بنەڕەتییەکانی بەدیهێنانی ئاشتییەکی دادپەروەر و بەردەوام. ئەم توێژینەوەیە دەریخست کە ئاشتی تەنها بە ڕاگرتنی توندوتیژی، واژۆکردنی ڕێککەوتننامە یان دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان نوخبە سیاسییەکاندا بەدی نایەت، بەڵکو پێویستی بە دووبارە بونیادنانی متمانە، ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و تێکەڵکردنی ئەو توێژانە هەیە کە زۆرترین زیانیان لە ململانێکاندا بەرکەوتووە.
2. ئەزموونی ئیرلەندای باکوور نیشانی دا کە ژنان، کاتێک لە ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی نافەرمییەوە بۆ ڕۆڵی سیاسیی ڕێکخراو دەگوازنەوە، دەتوانن ئەجێندای دانوستان فراوان بکەن و پرسەکانی ئاشتەوایی، مافی قوربانیان و یەکسانی بخەنە ناو پرۆسەی ئاشتی.
3. ئەزموونی ڕوانداش گرنگی کۆتا و بەدامەزراوەییکردنی بەشداریی ژنان دەردەخات، بەڵام هاوکات سنووری

• **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
• **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12570]
• **Submission Date:** [8/6/2026], **Revised Date:** [8/6/2026], **Accepted Date:** [23/6/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

کاریگەریی ژمارەیی بەبێ ژینگەی سیاسیی کراوە ئاشکرا دەکات.

4. ئەزموونی ژنانی کوردیش پێویستی ڕوانگەی فرەڕەهەندی دەسەلمێنێت، چونکە دۆخی ئەوان لە نێوان جێندەر، نەتەوە، دەوڵەت، جەنگ، مەزهەب و باوکسالاریدا دروست بووە. بۆیە بەشداریی ژنان کاتێک کاریگەر دەبێت کە لە ژمارە و ئامادەبوونی ڕواڵەتی تێپەڕێت و ببێتە کاریگەریی ڕاستەقینە لە بڕیاردان، داڕشتنی سیاسەت بەئامانجی بونیادنانی ئاشتییەکی بەردەوام.

## 9 سەرچاوەکان

**یەکەم: سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی و کوردی**


1. إبراهيم بولكماحل (2021) تحويل النزاعات الاجتماعية المتأصلة وإشكالية السلام المستدام: قراءة في عملية تحويل النزاع في كل من إيرلندا الشمالية وسريلانكا، مجلة أبحاث قانونية وسياسية، 6(1)، ص. 12–15، 34–36.
2. أسماء لسمر (2022–2023) العدالة الانتقالية كآلية لبناء السلام بعد النزاع في رواندا: دور محاكم الغاكاكا، أطروحة دكتوراه، جامعة محمد الصديق بن يحيى ـ جيجل، كلية الحقوق والعلوم السياسية، ص. 101–110.
3. جيهان أحمد عبدالله وصديق صديق حامد (2023) مشاركة المرأة في مفاوضات السلام: المعوقات والحلول، مجلة جامعة دهوك، 26(1)، ص. 1125–1126.
4. رشيد عمارة ياس الزيدي وكوردستان سالم سعيد (2021) أثر نظام الكوتا النسائية في تفعيل دور المرأة في انتخابات برلمان إقليم كوردستان العراق: دراسة تحليلية مقارنة، مجلة العلوم القانونية والسياسية، 10(1)، ص. 3.
5. سەیوان ڕۆستەم (2022) ٢٨ ساڵ بەسەر ڕێپێوانی ژنان بۆ وەستاندنی شەڕی ناوخۆ تێپەڕی، ئاژانسی هەواڵی ژنان JINHA- ، 2022/5/24.
6. سوزان أليس واتكنز (2005) بزوتنەوەی فێمنستی، وەرگێڕانی جمال الجزيري، قاهیرە: ئەنجومەنی باڵای ڕۆشنبیری، ل. 16.
7. علياء أحمد (2021) النسوية التقاطعية: معناها، تطبيقاتها، نقدها وإمكان استخدامها في السياق السوري، مجلة قلمون: المجلة السورية للعلوم الإنسانية، العدد 16، ص. 188–190.
8. غفران يونس هادي (د.ت.) مصالحة إيرلندا الشمالية وإمكانية التطبيق في العراق، مجلة دراسات دولية، العدد 43، ص. 73–78.
9. فضيلة شبابحة (2021) تطور مفهوم الهوية في الفكر السياسي، المجلة الجزائرية للدراسات السياسية، 8(2)، ص. 125–136.
10. لوك هويسه ومارك سولتر (2017) العدالة التقليدية والمصالحة بعد النزاعات العنيفة: التعلم من التجارب الإفريقية، الطبعة العربية، ستوكهولم: المؤسسة الدولية للديمقراطية والانتخاباتIDEA ، ص. 41–56، 165.
11. مجلة قلمون (2017) المرأة الكوردية: الدور والمنزلة وفقاً للمتغيرات المختلفة، العدد الثاني، آب/أغسطس، ص. 210–214.
12. مجلس الأمن الدولي (2000) القرار رقم 1325 (2000)، الفقرات 1–4.
13. مير شەرەفەالدين خانی بدلیسی (2006) شەرەفنامە، وەرگێڕانی مامۆستا هەژار، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ل. 93.
14. شرف خان البدليسي (1953) الشرفنامة: في تاريخ الدول والإمارات الكردية، تعريب وتعليق ملا جميل بندي روزبياني، الطبعة الأولى، بغداد: مطبعة النجاح.
15. هاني جرجس عياد (2020) تاريخ النسوية وتحولاتها عبر الزمن: مصر نموذجاً، المجلة المصرية للعلوم الاجتماعية والسلوكية، ع1، ص. 88–139.
16. هيئة الأمم المتحدة للمرأة (2012) مشاركة المرأة في مفاوضات السلام: الروابط بين الوجود والنفوذ، نيويورك: هيئة الأمم المتحدة للمرأة، ص. 1–3، 5.
17. مركز دراسات الوحدة العربية (2020) بناء السلام في المجتمعات المحلية السورية، بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية، ص. 41–46.
18. دستور جمهورية العراق (2005)، المادة 49.


**دووەم: سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی**


1. Abdullah Öcalan (2013) Liberating Life: Woman's Revolution. Cologne: International Initiative Edition.
2. Al-Ali, N. and Tas, L. (2017) Dialectics of Struggle: Challenges to the Kurdish Women's Movement. London: LSE Middle East Centre.
3. Al-Ali, N. and Tas, L. (2018) Reconsidering nationalism and feminism: The Kurdish political movement in Turkey, Nations and Nationalism, 24(2), pp. 453–473.
4. Bagheri, S. (2022) Gender equality in the decision-making processes of post-war societies: evidence from Iraqi Kurdistan, Journal of Human Rights Practice, 14(2), p. 624.
5. Begikhani, N. et al. (2018) Theorising women and war in Kurdistan: a feminist and critical perspective, Kurdish Studies, 6(1), pp. 5–20.
6. Bell, C. and O'Rourke, C. (2013) Peace agreements and women's rights, International and Comparative Law Quarterly, 62(4), pp. 873–875.
7. Bouta, T. and Frerks, G. (2004) Women's Roles in Conflict Prevention, Conflict

Dayton—and Beyond. Stockholm: Kvinna till Kvinna Foundation.
20. Merdjanova, I. (2021) The Kurdish women's movement in Turkey and its struggle for gender justice, Histories, 1(3), pp. 185–187.
21. Paffenholz, T. (2015) Inclusive Peace Processes: Women, Constitution-Making, and Peace Negotiations. Geneva: Graduate Institute.
22. Taylor, N. (2017) How do Women Impact on Peacebuilding? A Case Study of the Peace Process that Led to the Good Friday Agreement in Northern Ireland. The University of Alcalá, The Second International Symposium on Gender, Law and Constitutions.
23. Tejel, J. (2009) Syria's Kurds: History, Politics and Society. London: Routledge.
24. UN Women (2016) Inclusive Peace Processes: Women, Constitution-Making and Peace Processes. New York: UN Women.
25. United Nations (1999) Report of the Independent Inquiry into the Actions of the United Nations during the 1994 Genocide in Rwanda. New York: United Nations.
26. United Nations Development Programme (2002) Sharing the Burden of Peace: Women's Role in Peacebuilding. New York: UNDP.
27. Wartmann, J. (2024) Negotiating what it means to be 'free': gender equality and governance in North and East Syria, International Feminist Journal of Politics, 26(4), pp. 658–680.
28. Yuksel, M. (2006) The encounter of Kurdish women with nationalism in Turkey, Middle Eastern Studies, 42(5), pp. 777–779.
29. Zeydanlıoğlu, W. (2012) Turkey's Kurdish language policy, International Journal of the Sociology of Language, 217, pp. 99–125.

### سێیەم: سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان

1. A Century of Women (n.d.) May Blood (1938–). Available at: https://www.acenturyofwomen.com/may-blood/ (Accessed: 10 April 2026).

Resolution and Post-Conflict Reconstruction: Literature Review and Institutional Analysis. The Hague: Clingendael Institute.
8. Burnet, J.E. (2011) Women have found respect: gender quotas, symbolic representation, and female empowerment in Rwanda, Politics & Gender, 7(3), pp. 303–306, 314–318.
9. Çağlayan, H. (2020) Women in the Kurdish Movement: Mothers, Comrades, Goddesses. Cham: Palgrave Macmillan.
10. Fearon, K. (2002) Northern Ireland's Women's Coalition: institutionalising a political voice and ensuring representation, Accord, 13, pp. 78–81.
11. Gupta, R. (2023) Before Iran, the Kurdish feminist revolution, New Internationalist, 23 February.
12. Hassaniyan, A. (2024) The Islamic Republic of Iran's multipronged approach to the repression of Kurds, Studies in Ethnicity and Nationalism, 24(2), pp. 167–184.
13. Hemmer, B., Garb, P., Phillips, M. and Graham, J.L. (n.d.) The Growth of the Northern Ireland Peacebuilding Organism. Irvine: Center for Citizen Peacebuilding, University of California.
14. hooks, b. (2015) Feminist Theory: From Margin to Center. New York: Routledge.
15. International IDEA (2014) Traditional Justice and Reconciliation after Violent Conflict: Learning from African Experiences. Stockholm: International IDEA.
16. Inter-Parliamentary Union (2020) Women in National Parliaments: Rwanda. Geneva: IPU.
17. Jineology: The Kurdish Women's Movement (2016) Journal of Middle East Women's Studies, 12(2), pp. 185–198.
18. Knox, C. (2010) Peace building in Northern Ireland, Social Policy & Society. Cambridge: Cambridge University Press, pp. 13–24.
19. Lithander, A. (ed.) (2000) Engendering the Peace Process: A Gender Approach to

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12570]
- **Submission Date:** [8/6/2026], **Revised Date:** [8/6/2026], **Accepted Date:** [23/6/2026], **Published Date:** [30/9/2026]

2. Feminist and Women’s Organisations in Syria (n.d.) Challenges and Opportunities. Report, pp. 6–10.
3. Karlshochschule International University (n.d.) Invisible Women in Peacebuilding. Available at: https://www.karlshochschule.de/de/blog-magazin/invisible-women-in-peacebuilding.html (Accessed: 22 December 2025).
4. Kaya, Z.N. (2016) Women in Post-Conflict Iraqi Kurdistan, openDemocracy, 26 February. Available at: https://www.opendemocracy.net/en/women-in-post-conflict-iraqi-kurdistan/ (Accessed: 20 February 2026).
5. Kurdistan Parliament (n.d.) الدورة الأولى 1992. Available at: https://2u.pw/0kKtVe (Accessed: 12 December 2025).
6. Kurdsat News (2025) پەروین بولدان و ڕۆڵی لە شاندی ئاشتی. Available at: https://news.kurdsat.tv/ckb/news/30/49281 (Accessed: 22 September 2025).
7. JINHA (2023) کارەکانی دووەمین کۆنفرانسی ماڵی ژنان لە حەسەکە. Available at: https://jinhaagency.com/so/zhan/jg-38428?page=929 (Accessed: 21 January 2026).
8. Rojava Information Center (2020) North and East Syria’s Women’s House, Sur: International Journal on Human Rights, 17(30).
9. Turkish Minute (2025) Erdoğan, Pro-Kurdish Party Delegation Hold 3rd Meeting, Agree on Steps to Advance Peace Process, Turkish Minute, 31 October. Available at: https://www.turkishminute.com/2025/10/31/erdogan-pro-kurdish-party-delegation-hold-3rd-meeting-agree-on-steps-to-advance-peace-process/ (Accessed: 8 May 2026).
10. UN Women (2020) Equal Power, Lasting Peace: Rwanda Case Study. New York: UN Women.
11. UN Women (2022) Women in Peacebuilding: A Guide. New York: UN Women.
12. UN Women Iraq Office (2022) Women and Peace in Iraq. Baghdad: UN Women Iraq Office.
13. Women and the Northern Ireland Peace Process (n.d.) Available at: https://2cm.es/1nn9S (Accessed: 10 August 2025).



**الملخّص**

تتناول هذه الدراسة مشاركة المرأة في بناء السلام، انطلاقاً من أنّ السلام لا يتحقّق بمجرّد وقف العنف أو التوقيع على اتفاقية سياسية، بل يتطلّب إعادة بناء الثقة والمصالحة الاجتماعية وإدماج الفئات التي هُمِّشت في مراحل النزاع. وقد سعت الدراسة إلى توضيح الفرق بين المشاركة العددية والتأثير الفعلي للمرأة، ولا سيّما في عمليات التفاوض وصنع القرار والعدالة الانتقالية وبناء سلامٍ مستدام. تعرض الدراسة ثلاث تجارب مختلفة: تجربة أيرلندا الشمالية، حيث انتقلت المرأة من الدور الاجتماعي غير الرسمي إلى الدور السياسي المنظَّم؛ وتجربة رواندا، التي تُبرز أهمية نظام الكوتا ومأسسة مشاركة المرأة، لكنها تكشف في الوقت نفسه حدود التأثير العددي؛ وكذلك تجربة المرأة الكردية، التي تؤكّد ضرورة القراءة المتعدّدة الأبعاد لوضع المرأة في تقاطع الجندر والقومية والدولة والحرب والمذهب والسلطة الأبوية.

وقد توصّلت الدراسة إلى أنّ مشاركة المرأة لا تغدو مؤثّرة إلّا حين تتجاوز حدود العدد والحضور الشكلي لتصبح تأثيراً حقيقياً في رسم السياسات وصنع القرار وبناء السلام. كما توصّلت إلى أنّ وضع المرأة الكردية يمثّل حالةً مختلفة، إذ تمكّنت — رغم ذلك — من المبادرة والابتكار في مشاركتها في بناء السلام، من خلال نظام الرئاسة المشتركة وعددٍ من المبادرات الاجتماعية الأخرى.

**الكلمات المفتاحية:** المرأة، بناء السلام، المشاركة السياسية، التماسك الاجتماعي، التعددية، المرأة الكردية.



## Abstract

The current study focuses on the issue of women's participation in the process of peacebuilding. The point is that peace cannot be considered achieved just by stopping the hostilities and signing a political deal. Peace is achieved only if there is trust, social reconciliation, and inclusion of those who had been excluded in the course of conflict in the past. The purpose of this study is to make clear the difference between women's numerical involvement and influence in negotiation, decision making, transitional justice, and sustainable peacebuilding. The study outlines three separate experiences: First of all, the case of Northern Ireland is analyzed, where women transformed from being active socially to having an organized political activity. Secondly, it addresses the case of Rwanda, where attention is paid to the importance of the quota system, the

necessity of institutionalization of women's involvement, as well as to its limited effectiveness. Finally, the Kurdish women's experience is addressed to prove that a multidimensional reading of women's position as it is related to gender, nationhood, the state, war, sectarianism, and patriarchy is necessary.
In general, the conclusion that can be drawn based on the conducted research is that women's participation is effective only if it goes beyond numerical data and becomes an influence on the process of policy development and decision making. Besides, Kurdish women have proven to have a specific experience that distinguishes them because of their initiative and innovation in the process of peacebuilding via the system of co-presidency and some social movements.

**Keywords:** Women, Peacebuilding, Political Participation, Social Cohesion, Pluralism, Kurdish Women.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12570]
- **Submission Date:** [8/6/2026], **Revised Date:** [8/6/2026], **Accepted Date:** [23/6/2026], **Published Date:** [30/9/2026]